دۆسیەی تایبەت بە نەوت

PETROL FILE

نەوت وەك كەرەستەیەكی ستراتیژی گۆڕانكاری گەورە لەسەر نەخشەی جیهان دروستدەكات

ئامادەكردنی: سەروەت تۆفیق
IDEA DIPLOMATIC

دەوڵەتانی ئەندام لە رێكخراوی ئۆپیك خاوەنی (87.7%)ی یەدەگی نەوتی جیهانن

62.5%ی نەوتی جیهان لەلایەن (5) دەوڵەتی ناوچەكەوە خاوەندارێتی دەكرێت

تائێستا توانراوە زیاتر لە (450) ماددەی كیمیایی لە نەوت دەربهێنرێت

نەوت (پەترۆل)، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە سەرتاسەری جیهاندا، بەڵام جیهان دەیسوتێنێت و لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەباو بەگەڕخستنی کارگەکان و ئامێرە قورسەکان و دامەزراوە پیشەسازییەکاندا بەکاریدەهێنێت، لەبری ئەوەی سوتاندنی ئەم ماددە کیمیاییە بەبەهایە بە شێوازێکی تر لە زۆرێك بواری جۆراوجۆردا خزمەتی مرۆڤایەتی پێبکرێت.

نەوت چییەو چۆن دروستبووە؟

نەوت یان (پەترۆل) یان ئاڵتونی رەش، وەکو زاراوەیەکی باو و بەکارهاتوو، بریتییە لە شلەیەکی چڕکراوە کە قابیلی سوتان و گڕگرتنە، رەنگی قاوەیی تۆخ یان قاوەییەکی سەوزباوەو سەرچاوەکەی لە چینی سەرەوەی تۆپکڵی زەویدایە، نەوت پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ماددەی هایدرۆکاربۆناتەو لەڕووی کیمیاییەوە لە گروپی زنجیرەی ئالکانە قورس و بەنرخەکان دروستبووە، بەڵام رواڵەت و پێکهاتەو ئاستی پاکێتی بەگوێرەی شوێن و سەرچاوەی دەرهێنانی جیادەکرێتەوە.

لەڕاستیدا نەوت ماددەی خاوی ژمارەیەکی زۆری بەهەمهێنراوە کیمیاییەکان پێکدەهێنێت جگە لە سوتەمەنی، بۆ نموونە وەك: بابەتەکانی پلاستیك، بۆری، قوماش، نایلۆن، ئاوریشمی پیشەسازی، داوودەرمان، پەینی کیمیایی و چەرمی پیشەسازی و چەندین پیشەسازی تر.

ئەمریکا گەورەترین بەکارهێنەری نەوت لە جیهاندا

وێلایەتە یەکگرتووەکانی کە بەتەنها نزیکەی (4/1)ی نەوتی بەرهەمهێنراوی جیهان بەکاردەهێنێت کە رۆژانە دەکاتە (80) ملیۆن بەرمیل نەوت، بەوپێیەش بێت 4%ی دانیشتوای گۆی زەوی 25%ی نەوتی بەرهەمهێنراوی جیهان بەکاردەهێنن، بەگوێرەی خشتەی هەڵکشانی ئاستی بەکارهێنانی نەوت لە ئەمریکا لە ساڵی 2005دا سنوری نائاسایی رەهای ساڵی 1975ی تێپەڕاند، کاتێك گەیشتە 9.5 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بەڵام لە 2005 بەدواوە ئەو رێژەیە بەرەبەرە نزمتر بووەو تا گەیشتە سنوری (4-5) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەمریکا بەڕێژەی 75% پشت بە هاوردەکردنی پەترۆل دەبەستێت بۆ ئەوەی بتوانێت پێویستی ناوخۆ پڕبکاتەوە کە رۆژانە دەگاتە (21) ملیۆن بەرمیل.

ئەسڵ و بنەچەی نەوت

لە چاخە جیۆلۆجیە دێرینەکاندا، نەوت (پەترۆل) سەرەتا لەناو دارستانە چڕو زەبەندە چۆڵەکانی سەر رووی زەوی و ژێرزەوی کەوتنی دارو درەخت و ماددە ئۆرگانییەکان دروستبووە، پاشان بەهۆی زۆربوونی فشار لەسەر چینی سەرەوەی تۆپکڵی زەوی و بە تێپەڕبوونی ملیۆنان ساڵ کارلێکی کیمیاییان کردووەو گۆڕاون بۆ نەوت. نەوتی خاو (پەترۆل) چەندین جۆر ماددەی کیمیایی و سوتەمەنی و سەرچاوەی وزەی لێوەردەگیرێت، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

(ئەتیری پەترۆل، بەنزینی سوك، بەنزینی قورس، کیرۆسینی سوك، کیرۆسینی قورس، دیزڵ، رۆنی چەور، ئەسفەڵت، مۆم).

مێژووی نەوت.. دۆزینەوەی یەکەم بیرە نەوت

لە سەدەی چواردەمی زایینی یان ماوەیەکی پێشتر، یەکەم بیرە نەوت لە وڵاتی چین هەڵکەنرا، لەوکاتەدا نەوتی خاوی ناو بیرەکە دەسوتێنرا لە پێناو بەهەڵمکردنی ئاوی سوێری ناو زەویەکە بۆ بەرهەمهێنانی خوێ نەك نەوت، بەڵام لە سەدەی دەیەمدا بۆری دروستکراو لە داری خەیزەران بەکارهێنرا بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی

شەقام رێگە تازەکانی شاری بەغدا بە بەکارهێنانی مـادەی (قـار) کە جۆرێکە لە قیرو لە گۆکراوەکانی نەوت دەستدەکەوت، قیرتاو دەکران، لە سەدەی نۆیەمی زایینیش، کێڵگە نەوتییەکانی باکۆ لە ئازەربایجان بۆ یەکەمجار بە رێگەیەکی ئابوورییانەی کەم تێچوون دەستیان بە بەرهەمهێنانی نەوت کرد.

مێژووی نوێی دۆزینـەوەی نـەوت (پـەتـرۆل) لە ساڵی 1853دا دەستپێکرد، لەدوای داهێنانی پرۆسەی دڵۆپاندنی نەوت، لەو سەردەمەدا نەوت دەدڵۆپێنراو لەوڕێگەیەوە مـادەی (کیرۆسین) واتا نەوتی سپی لێوە بەرهەمدەهێنرا، ئەوەش یەکەمین داهێنانی زانای پۆڵەندی (ئەگناسی لۆکاسفیز) بوو، یەکەمین کانی بەردیی – نەوتیی لە ناوچەی بۆرپکا لە باشوری پۆڵەندا دروستکرا، هەر لەو سەردەمەدا یەکەم کارگەی پاڵاوتنی نەوت لە یولازوفایز لەلایەن (لوکاسفیز)ـەوە دامەزرێنرا، ئەو دۆزینەوانەی بواری نەوت، هەرزوو بەخێرایی لە جیهاندا بڵاوبوەوە، میرزۆف لە روسیا لە ساڵی 1861دا یەکەمین کارگەی پاڵاوتنی نەوتی لە کێڵگەیەکی نەوتی سروشتی لە باکۆ دروستکرد.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پیشەسازی نەوت کاتێك دەستپێکرد کە (ئیدوین دریك) لە ساڵی 1859 بۆ یەکەمجار نەوتی لەنزیك تیتۆسڤیلی ویلایەتی پەنسلڤانیا دۆزییەوە، گەشەکردنی پیشەسازی نەوت لە سـەدەی هەژدەیەمدا زۆر بە سستی گەشەیکرد، بەڵام لەدواییدا ئاکامی زۆرباشی هەبوو، لە سەرەتای سـەدەی بیستەمدا، گرنگیدانی نەتەوەیی لەلایەن دەوڵەتانی جیهانەوە بەبواری نەوت دەدرا، بەتایبەتی لەدوای داهێنانی بزوێنەرەکانی سوتاندنی نێوخۆیی کە بە شێوەیەکی گشتی بووە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر پیشەسازی نەوت، لەدوای ساڵی 1910 چەندین کێڵگە نەوتی گەورە لە کەنەدا، هندستانی خۆرهەڵات، ڤێنزوێلاو مەکسیك دۆزرانەوەو لەڕووی پیشەسازییەوە پەرەیان پێدراو نەوتیان تێدا بەرهەمهێنرا، هەتا ساڵی 1955 خەڵوزی بەرد چاکترین جۆرەکانی سوتەمەنی و وزەی جیهان بوو، بەڵام دواتر نەوت شوێنی خەڵوزی گرتەوەو پێگەیەکی گەورەی داگیرکرد.

لەدوای قەیرانی وزەی ساڵی 1973 و قەیرانی ساڵی 1979، دەوڵەتانی پیشەسازی جیهان هەوڵەکانیان بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەکانی وزە چڕتر کردەوە، بۆ نموونە دەوڵەتانی وەك ئەڵمانیاو فەڕەنساو ئیتاڵیا پەنایان بردەبەر وزەی ئەتۆم بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، تەنانەت 70%ی بەرهەمهێنانی کارەبا لە فەڕەنسا لەڕێگەی دامـەزراوە ئەتۆمییەکانەوە دەستدەکەوت، لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی قەیرانی وزە بووە هۆی نیگەرانیەکی زۆر لەوەدا کە نەوت ماددەیەکی سنوردارەو رۆژێك دێت سەرچاوەکانی وشك دەکات، لانیکەم وەکو سەرچاوەیەکی ئابوری نامێنێت، مشتومڕێکی تر هەیە سەبارەت بەوەی کە تەکنیکی مۆدێرن بەردەوامە لەسەر بەرهەمهێنانی هایدرۆکاربۆناتی هـەرزان، لەکاتێکدا کە زەوی هێشتا برێکی زۆر نەوتی تێدایە، لە شێوەی کێڵگەی ملینی نەوت و کێڵگەکانی ماددەی بیتۆمین، ئـەوەش جێگەی ئومێدێکی زۆرە بە بەردەوامبوونی نەوت بۆ ماوەیەکی زۆرتر.

هەمیشە گەیشتن بە کۆنترۆڵکردن و بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی نـەوت، هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ رووداتـی بەشێك لە شەڕو ململانێکان لە نێوان ئەو زلهێزانەی جیهان کە بەریەککەوتن لە بەرژەوەندییەکانیان رووبداوە، بەتایبەتی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەکاتێکدا نزیکەی 80%ی یەدەگی نەوت و غاز لەژێر خاکی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایەو لەو رێژەیەش بـڕی 62.5%ی لـەلایـەن (5) دەوڵـەتـی ناوچەکەوە خاوەندارێتی دەکرێت: عەرەبستانی سعودیە، ئێران، ئیماراتی عەرەبی، عیراق و کوێت، بـەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها خاوەنی 3%ی یەدەگی نەوتی جیهانە.

گەورەترین دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە جیهاندا

دەوڵەت	ئاستی بەرهەمهێنان/ ملیۆن بەرمیل رۆژانە	ئاستی هەناردەکردن/ ملیۆن بەرمیل رۆژانە
سعودیە	١١,١٥٢	٨,٥٢٢
روسیا	١٠,٢٢٩	٧,١١٩
ئەمریکا	١٠,١٢٢	--
چین	٤,٢٢٦	--
عیراق	٤,٥٠٠	٢,٦٠٠
ئێران	٤,٢٢٤	٢,٥٢٤
کەنەدا	٣,٦٠٠	١,٢١١
ئیمارات	٣,٠٨٨	٢,٤٥٨
مەکسیک	٢,٩٦٠	--
بەرازیل	٢,٦٨٧	--
کوێت	٢,٦٨٢	٢,٢٧٢
نیجیریا	٢,٥٥٢	٢,٢١٢
ڤینزوێلا	٢,٤٧٠	١,٧١٥
نەرویج	٢,٠٠٧	١,٧٥٢
جەزائیر	١,٨٦١	١,٥٢١
ئەنگولا	١,٨٤٠	--
کازاخستان	١,٦٢٥	--
قەتەر	١,٦٢١	١,٤٠٠
بەریتانیا	١,٠٩٩	--
کۆلۆمبیا	١,٠١١	--
ئازەربایجان	٩٨٧	--
ئەندەنوسیا	٩٨٢	--
هیندستان	٨٩٧,٢	--
عومان	٨٩٠,٥	--
ئەرجەنتین	٧٩٦,٢	--
لیبیا	٧٠٠,١٠	٥٠٠
میسر	٦٨٠,٥	--
مالیزیا	٦٩٢,٧	--
ئیکوادۆر	٤٨٥,٧	--
ئوستورالیا	٥٨٩,٢	--
سوریا	٤٠٠,٤	--
تایلاند	٣٨٠	--
فینیا	٣٤٦	--
ڤیتنام	٣٠٠,٦	--
یەمەن	٢٨٨,٤	--

لە ئێستادا تێکڕای ڕێژەی یەدەگی نەوتی نیشتمانی عەرەب (714.5) ملیار بەرمیلە کە ڕێژەی 56.8%ی کۆی یەدەگی نەوتی جیهان پێکدەهێنێت کە بە یەك ترلیۆن و 256.2 ملیار بەرمیل نەوت مەزەندە دەکرێت، بەتەنها عەرەبستانی سعودیە و عیراق و ئیماراتی عەرەبی و کوێت خاوەنی 50%ی کۆی یەدەگی جیهان و 86%ی کۆی یەدەگی نیشتمانی عەرەبن، هەروەها کۆی گشتی یەدەگی غازی دەوڵەتانی عەرەبی دەگاتە (54.6) ترلیۆن مەتر چوارگۆشە کە بەرامبەرە بە ڕێژەی 28.4%ی تێکڕای یەدەگی غاز لە جیهاندا، ڕێژەی هەرەزۆری دەکەوێتە قەتەرو سعودیەو ئیمارات و جەزائیر و عیراق.

قەیرانی وزە لە (1973)

لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1973، ڕێکخراوی ئۆپیك بڕیاریدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەمبکاتەوە،

کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق

بۆ ئەو مەبەستەش توانی رۆیشتنی بارکردنی نەوتی خاو بۆ بازاڕەکانی خۆرئاوا رابگرێت، بەتایبەتیش بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هۆڵەندا، چونکە لەو سەردەمەدا هۆڵەندا چەکی بۆ ئیسرائیل ناردو رێگەی بە ئەمریکییەکان دابوو فڕۆکەخانەکانی بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان بۆ ئیسرائیل و پشتیوانیکردنی، لە ئەنجامی ئەوەشدا نرخی بازاڕی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبوەوە، بەوهۆیەشەوە سیستمی دارایی جیهانی کەوتەژێر فشارو مەترسی هەرەسهێنانی رێککەوتنامەی (بریتۆن وودز) کە لەئەنجامدا زنجیرەیەك کێشەو گرفتی ئابوری و دارایی و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و ئاستەکانی هەڵئاوسانی بەدوای خۆیدا هێنا کە تا ساڵی 1986 بەردەوامبوو.

گرنگترین ئەو رووداوانەی لە دەیەی حەفتاکان بەهۆی نەوتەوە سەریانهەڵدا:

* لە ئابی 1973 لە چوارچێوەی خۆئامادەکردن بۆ شەڕی ئۆکتۆبەر، شا فەیسەلی سعودیەو ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر لەو سەردەمەدا بە نهێنی لە ریاز کۆبوونەوەو گەیشتنە رێککەوتنێك بۆ بەکارهێنانی (چەکی نەوت) لەو شەڕەدا وەکو بەشێك لە ململانێ سەربازییەکانی داهاتوو.

* لە 15ی ئەیلولی 1973دا دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە رێکخراوی ئۆپیك دانوستانەکانیان دەستپێکرد لە پێناو زیادکردنی نرخی نەوت و دانانی سنورێك بۆ هاوکاریکردنی ئیسرائیل بەگوێرەی رێککەوتننامەی ساڵی 1971ی تاران.

* لە یەنایەری 1973دا بازاڕی کاغەزە دارایییەکان دەستی بە شکست و هەرەسهێنان کردو تا ساڵی 1974 بەردەوامبوو.

* لە 6ی ئۆکتۆبەری 1973، میسرو سوریا هێرشیان کردەسەر ئیسرائیل بەوهۆیەشەوە شەڕی چوارەمی عەرەب – ئیسرائیل دەستپێکرد.

* لە 10ی ئۆکتۆبەری 1973، رێکخراوی ئۆپیك

دانوستانی لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی نەوت دەستپێکرد بە مەبەستی چاوخشاندنەوە بە رێککەوتنامەی تاران.

* لە 12ی ئۆکتۆبەر، ئەمریکا دەستی بە پرۆسەی گیای نیکلّی کرد بۆ دابینکردنی چەك و کۆمەکی پێویست بۆ ئیسرائیل لەڕێگەی گواستنەوەی ستراتیژیی ئاسمانیەوە.

* لە 16ی ئۆکتۆبەردا، عەرەبستانی سعودیە، ئێران، جەزائیر، عیراق، ئیماراتی عەرەبی، کوێت و قەتەر تاکلایەنە بەرکردنەوەی نرخی نەوتیان بەڕێژەی 17% واتا تا (3.65) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك راگەیاندو ئاستی بەهەمهێنانیان کەمکردەوە.

* لە 17ی ئۆکتۆبەردا، وەزیرانی نەوتی ئۆپێك رەزامەند بوون لەسەر بەکارهێنانی نەوت وەکو چەك بۆ سزادانی خۆرئاوا بەهۆی پشتیوانیکردنی ئیسرائیل لە شەڕی ئۆکتۆبەردا، جگەلەوەش پێشنیاریان کرد ئابلۆقە بخرێتەسەر ئەو دەوڵەتانەی لایەنگری ئیسرائیل دەکەن.

* لە 19ی ئۆکتۆبەردا، ریچارد نیکسۆن سەرۆکی ئەمریکا لەو سەردەمەدا داوای لە کۆنگرێس کرد (2.2) ملیارد دۆلار وەك یارمەتیدانی خێرا بۆ ئیسرائیل تەرخانبکات، بەوهۆیەشەوە هەریەکە لە سعودیەو لیبیاو چەند دەوڵەتێکی عەرەبی تر هەناردەکردنی نەوتیان بۆ ئەمریکا راگرت.

* لە 23 تا 28ی ئۆکتۆبەر، بڕیاری هەناردەنەکردنی نەوتی عەرەب هۆڵەندا‌شی گرتەوە.

* لە 5ی نۆڤەمبەر، دەوڵەتە عەرەبیە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت بڕیاریاندا ئاستی بەرهەمێنان بەڕێژەی 25% کەمبکەنەوە، سەرەڕای ئەوەش هەڕەشەی کەمکردنەوەی زیاتریان دەکرد.

* لە 23ی نۆڤەمبەر، بڕیاری هەناردەنەکردنی نەوتی عەرەب پورتوگال و رۆدیسیاو باشوری ئەفریقیای گرتەوە.

* لە 27ی نۆڤەمبەر، سەرۆکی ئەمریکا (نیکسۆن) کارپێکردنی یاسای نەوتی لەباری ناڕاساییدا راگەیاند.

* لە 9ی دیسەمبەردا، وەزیرانی نەوتی دەوڵەتانی عەرەب رەزامەندییان نیشاندا لەسەر کەمکردنەوەی رێژەی 5%ی نەوتی هەناردەکراو بۆ دەوڵەتە نادۆستەکان، بەڵام لە 25ی هەمان مانگدا ئەو بڕیارەیان هەڵوەشاندەوە.

* لە 7ی یەنایەری 1974، رێکخراوی ئۆپێك بڕیاری سڕکردنی نرخەکانی نەوتی دەرکرد و هەتاکو 7ی نیسان بەردەوام بوو.

* لە 11ی شوباتی 1974، هینری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو سەردەمەدا پرۆژەی سەربەخۆیی کەرتی وزەی ئەمریکای راگەیاند.

* لە 17ی ئاداری 1974، وەزیرانی نەوتی دەوڵەتانی عەرەب جگە لە لیبیا بڕیاریاندا کۆتایی بە ئابلۆقەی نەوتی سەپێنراو بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بهێنن.

لە ئێستادا تێکڕای رێژەی یەدەگی نەوتی نیشتمانی عەرەب (714.5) ملیار بەرمیلە کە رێژەی 56.8٪ی کۆی یەدەگی نەوتی جیهان پێکدەهێنێت کە بە یەك ترلیۆن و 256.2 ملیار بەرمیل نەوت مەزەندە دەکرێت

* لە دیسەمبەری 1974، قەیرانی هەرەسهێنانی بازاڕی کاغەزە دارایییەکان لەجیهاندا کۆتایی پێهات.

گەڕان بەدوای بەدیلی نەوت

سەرهەڵدانی قەیرانی وزە لەجیهاندا بووەتە هۆی زیادکردنی گرنگیدان بەپێویستی دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ یان بەدیلی نەوت لەبواری تەکنۆلۆژیای وزەی نوێ، توێژینەوەو پشکنین لەبواری وزەی خۆرو وەزی با هاندەرێکی ئەرێنی بوو بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بخرێتە کار بۆ سودوەرگرتنی ئەمریکای باکور لە سەرچاوەکانی وزەی بەدیلی نەوت، لەوڕێگەیەشەوە

وزەی ئەتۆمی دەبەستن.

کۆمەڵێك لە دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان لە هەناردەکارانی وزە بوون، بەڵام کاریگەرییەکانی قەیرانی نەوت لەسەریان بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاواز بوو. بۆ نموونە خۆرهەڵاتی پیشەسازی کەنەدا بەدەست هەمان ئەو کێشانەوە دەنالێت کە تۆشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، لەکاتێکدا ویلایەتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت لەڕێگەی زۆربوونی داهاتەکانی نەوتەوە گەشەیان کرد، بەگشتی هەناردەنەکردنی نەوت بۆ دەوڵەتانی خۆرئاوا لەلایەن دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی وزەی ساڵی 1973، کاریگەری

نزیکەی 80٪ی یەدەگی نەوت و غاز لەژێر خاکی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایەو لەو ڕێژەیەش بڕی 62.5٪ی لەلایەن (5) دەوڵەتی ناوچەکەوە خاوەندارێتی دەکرێت: عەرەبستانی سعودیە، ئێران، ئیماراتی عەرەبی، عیراق و کوێت

نەڕێنی زۆر خراپی کردەسەر ئابوری کەنەداو هۆکارێك بوو بۆ ڕاوەستانی کەرتە پیشەسازییەکان و لاوازبوونی ئابوری و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، جگە لە کەنەدا، پوکانەوەی ئابوری ئەمریکاشی گرتەوە سەرەڕای بوونی یەدەگی سوتەمەنی.

لەوسەردەمەدا یەکێتی سۆڤێت کە هەناردەکارێکی گەورەی نەوت بوو، بەڵام ئابوری سۆڤێت ساڵانێکی زۆر بەدەست پوکانەوەی ئابوری و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەینالاند، هەرچەندە زیادبوونی نەختینەی بیانی ڕێگەی لە بەردەم حکومەتی مۆسکۆ خۆشکرد بۆ هاوردەکردنی دانەوێڵەو پێداویستی تری خۆراك لە دەرەوەو زیادکردنی کاڵاکانی بەکاربردن و هێشتنەوەی خەرجیە سەربازییەکان لەئاستی ئاسایی خۆیدا، هەندێك لەوبڕوایەدان کە زیادبوونی کتوپڕی داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت لەوماوەیەدا، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئابوری زۆرێك لە وڵاتانی بەهەمهێنەری نەوت.

وڵاتی بەرازیل لە ئەمریکای لاتین پرۆژەیەکی گەورەی بەناوی (پرۆئالکوك) جێبەجێ کردووە کە بەهۆیەوە دەتوانێت پێکهاتەی پیشەسازی ماددەی (ئیسانۆل) بەرهەمبهێنێت بۆ بەکارهێنانی وەکو سوتەمەنی ئۆتۆمۆبێل، ئەو پرۆژەیە کە ماددەی ئیسانۆل لە قامیشی شەکر بەرهەمدەهێنێت، هێشتا لە بەرازیل بەردەوامی هەیەو هۆکارێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی پێویستییەکانی بەرازیل بۆ هاوردەکردنی نەوت، جگەلەوەش نرخی بەنزینی تا ڕادەیەکی باش کەمکردووەتەوە.

پێگەی نەوت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا

نەوت (پەترۆڵ) لە چەندین بوارداو گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، گرنگترینیان بوارەکانی ئابوری، سیاسی و سەربازییە، ئەمەش وایکردووە ئەم کەرەسە ستراتیژیە تا ئاستێکی باڵا هێڵە پان و سەرەکییەکانی سیاسەتی جیهان بکێشێت، گرنگیەکەشی ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر دەبێت، لەلایەکی ترەوە گرنگی نەوت لەڕووی تایبەتمەندێتی مۆنۆپۆڵکردنی بەرهەمهێنان و داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو لەلایەن چەند دەوڵەت و کۆمپانیایەکەوە خۆی نمایشدەکات، بەتایبەتی لەڕووی بەرهەمهێنان و پاڵاوتن و گواستنەوەو دیاریکردنی نەخشەی بازرگانی نەوتەوە، توێژینەوەی سەرچاوەکانی پەترۆڵ لەدواییەن قۆناغدا دەکەوێتە سەر دیاریکردنی ناوچەکانی بەرهەمهێنان و پاشان دەگاتە میکانیزمی دەستگرتن بەسەر پەترۆڵ و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی

نەوت، ئەم پرۆسەیە لە قۆناغی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت دەستپێدەکات تا دەگاتە دەست بەکاربەر لە شێوەی ماددە لێدەرهێنراوەکانی نەوت و پیشەسازییە پترۆکیمیاییە جۆراوجۆرەکاندا.

تائێستا تواناوە زیاتر لە (450) ماددەی کیمیایی لە پەترۆڵ دەربهێنرێت کە لەبواوە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت کە بە زیاتر لە (1500) جۆر پۆلێنکراون، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین، لەم سەردەمەدا بەرهەمەکانی پەترۆڵ بەگشتی زۆر پێویستن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی.

بەرهەمهێنانی نەوت لە دەوڵەتە نەوتدارەکانی وەك دەوڵەتانی کەنداو و عیراق کە خاوەنی پسپۆڕی و شارەزایی و سەرمایەی پێویست یان کەشتیگەلی گواستنەوەو دامەزراوەکانی پاڵاوتنی نەوت نەبوون، ناچاربوون پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت بدەنە دەست کۆمپانیایەك یان چەندین کۆمپانیا کە لەوبوارەدا رۆڵیان لە دەوڵەتی خاوەن بیرە نەوتەکان زیاترە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردنی شەڕەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بیرە نەوتییەکانی هەڵدایەوە، بەوپێیەش هێزە هاوپەیمانە خۆرئاواییەکان پشتیان بە پەترۆڵی ئەمریکا بەستبوو، لە بەرامبەر ئەوەشدا ئەمریکا پلانی بۆ بەرنامەیەکی نهێنی دەکێشا پێداگری دەکردەسەر چڕکردنەوەی پرۆسەی رووکردنە پەترۆڵی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، واتا میراتی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپای خۆرئاوا (وەك فەڕەنسا) لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان، هەروەها رووبکردە میراتە جێماوەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە بەهۆی کاریگەرییەکانی جەنگەوە شارستانیان و ئابوورییان و هێزە سەربازییەکانیان وێران و تێکشکابوون.

جەنگی جیهانی دووەم لە نێوان ساڵانی 1939-1945دا لەرزینێکی زۆر بەهێزی بەسەر هەموو جیهاندا هێناو گۆڕانکاری ریشەیی بەرپا کرد کە سەرتاسەری جیهانی گرتەوە، بەوهۆیەشەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەر بیرو قەوارەو پێکهاتەی کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی جیهاندا هێنا، لەوناوەدا دوو زلهێزی

پاپۆڕێکی گوێزەرەوەی نەوت بۆ بازارەکانی جیهان

سەرەکی جیهانی سەریانهەڵدا ئەوانیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بوون، لە ئاسۆی جیهانیدا سیمای بەهێزی ئەو دوو زلهێزە دەرکەوت کە دەستیانکرد بە وەرگرتنی پێگەی نوێ لە سیاسەتی جیهاندا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە ریشەییەی کە بەسەر هاوسەنگی هێزەکاندا هات، بەوپێیەش پێویستبوو گۆڕانکاری بەسەر هاوسەنگی دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییەکانیشدا بێت (سەرچاوەکانی پەترۆڵ بەپلەی یەکەم)، واتا دابەشکردنی سەرچاوەکانی سروشتییەکانی جیهان لە نێوان خۆیاندا، هەرچەندە شێوازێکی دادپەروەرانەی وەرنەگرت، ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی کێبڕکێ و ململانێیەکی توند لەنێوانیاندا.

سەرەتاکانی ئەم گۆڕانکارییە راستەوخۆ لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دەرکەوت، چونکە هەریەکێك لەو دوو زلهێزە گەورەیە دەیانویست بەتەنها دەست بەسەر سەرچاوە سروشتیە دەوڵەمەندەکاندا، لە نێوانیشیاندا سەرچاوەکانی پەترۆڵ، هەردوو جەمسەری بەهێز لە کۆنگرەی (یاڵتا) رێککەوتن کە ئەوروپای خۆرهەڵات 100% بکەوێتە بازنەی دەوسەڵاتی یەکێتی سۆڤێتەوە، ئەوروپای خۆرئاواش بەڕێژەی 100% بکەوێتە بازنەی دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، هەروەها لەسەر ئەوەش رێککەوتن کە دەسەڵات لە ناوچەی بەڵقان بەڕێژەی 50% بۆ هەردوولایان بێت، بەڵام سەبارەت بە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (چەقی سەرچاوەکانی پەترۆڵ)، هەردوو زلهێز دانی نا بەبوونی بەرژەوەندی هاوبەش لەو ناوچە ستراتیژیە دەوڵەمەندە بە پەترۆڵ، ئەمریکا بەگوێرەی ئەو پلانەی کە بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی پەترۆڵ دایڕشت، پێیوابوو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پشکی خۆیەتی، چونکە میراتگری ئەوروپای خۆرئاوایە.

فرانکلین رۆزفیلت سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا داوایکرد سەرچاوەکانی پەترۆڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆربەی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا بوو، دابەش بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە رۆزفیلت نامەی بۆ وینستۆن

دامەزراوەیەکی بەرهەمهێنانی وزەی خۆر

چەرچڵ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا نوسی و پێیوت: «من بە چاوچنۆکیەوە ناڕوانمە دەستکەوتە نەوتییەکانی بەریتانیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لێت ناشارمەوە کە بارودۆخی جیهان گۆڕاوەو هاوکێشەیەکی نوێ بەسەر هەموواندا دەسەپێنێت لـەڕووی دابەشکردنەوەی سەرچاوە سروشتییەکانەوە».

رۆزفێڵت لە ساڵی 1945دا هەوڵیدا چاوی بکەوێت بە سەرجەم سەرکردەکانی دەوڵەتانی دەوڵەمەند بە نـەوت لە خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت وەك سەرەتایەك بۆ ڕاگەیاندنی بڕیاری سیاسی ئەمریکا سەبارەت بە قەڵەمڕەویی لەوناوچە گرنگەی جیهاندا، پاشان وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمریکا یاداشتێکی ڕەسمی ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کرد، ناوەڕۆکی یاداشتەکە ئەوەیە کە ئەمریکا دەخوازێت دەستێوەردانی سیاسی بەریتانیا ڕێگەی لێبگیرێت، چونکە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە پەترۆلییەکان لەو ناوچانەدا پەکدەخات کە کەوتوونەتە ژێر سەروەری و قەڵەمڕەوی بەریتانیا، بەوشێوەیە سەرکردایەتی ئەمریکا هەوڵیدەدا ئاست و ڕووبـەری کۆنترۆڵکردنی پەترۆڵ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زیادبکات تا بتوانێت ئاستی بەکارهێنانی یەدەگی پەترۆڵی ناوخۆیی کەمبکاتەوەو بۆ ئایندە تاقەتی بکات، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێت بیرە نەوتییەکانی سعودیە و عیراق بە ئاوی کەنداو یان بە دەریای ناوەڕاستەوە ببەستێتەوە لەڕێگەی دروستکردنی هێڵەکانی بۆری گواستنەوەی پەترۆڵەوە.

بە ئاڕاستەیەکی تـردا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر پەلەی دەکـرد بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕێگەکانی گواستنەوە، ئەوەش لەڕێگەی بەدەستهێنانی مۆڵەتی تێپەڕین بەناو خاکی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری پەترۆڵ، لە نێوانیشیاندا عیراق کە لەژێر دەسەڵاتی ئینتیدابی بەریتانیادا بـوو، ئەمریکا هەوڵیداوەو ئێستاش هـەوڵـدەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی پایەکانی ئابوری جیهان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە ئابوری و سیاسی و ستراتیژییەکانی، لەڕیزی پێشەوەی ئەو پایانە سەرچاوەکانی وزەیە بەتایبەتی نەوت، ئەویش لەڕێگەی کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی نەوت و ڕێگەکانی دەستەبەرکردنی و گەیاندنی بۆ بازاڕەکان جیهان بە نرخێکی گونجاو، بەتایبەتیش لەدوای پەلامارەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 بۆ سەر ئەمریکا، لەکاتێکدا کە سیستمی نوێی جیهان پێویستی زۆری بە بەردەوامی گەشەکردن و بوژانەوەی ئابوری جیهان هەیە، کە تەنها لەڕێگەی دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی وزەوە نەبێت، ناتوانرێت بەدیبهێنرێت لەسەرو هەموشیانەوە نەوت کە زۆرینەی سەرچاوەکەی لەناو دەوڵەتانی تازە گەشەسەندودایە (جیهانی سێ)، واتا دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپیك کە پێکەوە خاوەنی (87.7%)ی یەدەگی نەوتی جیهانن.

پێکهاتەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا خاوەنی شارەزاییەکی زۆرە لەبواری نەوتداو گرنگی ستراتیژی نـەوت زۆربـاش دەزانێت، سـەرەڕای ئەوەش پەیوەندی ئاستبەرزی لەگەڵ ناوەندەکانی پیشەسازی نەوت لەسەر ئاستی جیهان هەیە

یەدەگی نەوتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نزیکەی (22) ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت کە تەنها 2%ی تێکڕای یەدەگی نەوتی جیهان پێکدەهێنێت، جگەلەوەش نەوتی عەمبارکراوی ئەمریکا بە (600 تا 700) ملیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرێت، کە لەکاتی ڕووداتی قەیرانی نەوت و وزەدا بەکاریدەهێنێت، بەڵام بەو بڕە دەتوانرێت پێداویستی تەنها مانگێك پڕبکاتەوە ئەگەر قەیرانەکە لە یەك مانگ زیاتر بەردەوامی نەبێت.

پێکهاتەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا خاوەنی شارەزاییەکی

رێژەی نەوتی یەدەگی دەوڵەتان بە/ ملیار بەرمیل

دەوڵەت	ئاستی یەدەگی نەوت/ ملیار بەرمیل
سعودیە	٢٦٥,٤
کەنەدا	١٧٩,٢
ئێران	١٣٦,٢
عیراق	١١٥
کوێت	١٠١,٥
ئیمارات	٩٧,٨
ڤێنزوێلا	٨٠
روسیا	٦٠
لیبیا	٤١,٣
نیجیریا	٣٦,٢
سوریا	٢٥
کازاخستان	٣٠
ئەمریکا	٢١
چین	١٦
قەتەر	١٥,٢
مەکسیک	١٢,٤
جەزائیر	١٢,٣
بەرازیل	١١,٨
سودان	٥

دەزانێت، سەرەڕای ئەوەش پەیوەندی ئاستبەرزی لەگەڵ ناوەندەکانی پیشەسازی نەوت لەسەر ئاستی جیهان هەیە، واشنتۆن مێژوویەکی ناسەقامگیرو گرژی لەگەڵ رێکخراوی ئۆپیك هەیە، بەڵام لەماوەی (20) ساڵی رابردوو توانیویەتی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ گەورەترین و دیارترین دەوڵەتانی خاوەن یەدەگی بێشوماری نەوت دروستبکات کە لەهەمانکاتدا ئەندامن لە رێکخراوی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت ناسراو بە (ئۆپیك)، وەك: عەرەبستانی سعودیە، ئیماراتی عەرەبی، کوێت، ئێستاش لەگەڵ عیراقی نوێ کاتی بەستنی پەیوەندییەکی پتەوی لەوجۆرە هاتووە ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتوو بێت لە پێکهێنانی سیستمێکی دیموکراتی هاوپەیمان لە عیراق کە هەڵوێست و سیاسەتی هەردوولایان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بونیات بنرێت، لەسەرو ئەو بەرژەوەندییانە دابینکردنی دەرفەتی باشە لە بەردەم کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا لەناو بازاڕی نەوتی عیراق، کە لەپێش روخاندنی رژێمی پێشوی سەدام حسێن لەژێر رکێفی روسیاو فەڕەنسادا بوو.

سەرچاوەکان:

رونگەی ئەلیکترۆنی (یافع)، ویکیپیدیا، سایتی رۆژنامەی (الاتحاد)ی ئیماراتی

http://yafeau.net/vb/showthread.
php?t=53994
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AD%D8
86%D%84%D9%%B8%D8%B1_%D8%A7%D9
81%D8%B7_1973%9
http://www.krg.org/a/d.
aspx?a=3910&l=14&r=84&s=010000
http://www.siironline.org/alabwab/
htm.704/29%edare-%20eqtesad%2827
http://www.alittihad.ae

قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت 2014

شەڕی ئابوریە یان هاوکێشەی خواست و خستنەڕوو؟

نوسینی: یۆشکا فیشەر*
IDEA DIPLOMATIC
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەهەند شێرکۆ
IDEA DIPLOMATIC

لە ئێستادا چەند میکانیزمێك لە بازاڕەکانی نەوتدا لەسەر ئاستی جیهان ئاوێتەی یەکتری بوون، لەدوای سالاّنێکی زۆر، بۆ یەکەمجار نرخی یەك بەرمیل نەوتی تەکساس بۆ خوار پێوەری (60) دۆلار دابەزی، دواتریش بەگشتی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا بە شێوەیەکی سەیرو چاوەڕواننەکراو دابەزینی گەورەی بەخۆیەوە بینی.

یۆشکا فیشەر

ئـەوەی بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت بریتییە لە هەرەسهێنانێکی بەردەوام لە نرخی نەوتی جیهانیدا کە زۆرێك لێکدانەوەو خوێندنەوەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە، زۆرێك لەو لێکدانەوانە رەوشەکە بۆ بڕیارێکی سیاسی حکومەتی واشنتۆن دەگێڕنەوە کە لەلایەن عەرەبستانی سعودیەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەوەش لەڕێگەی لێدانی ئابوری هەریەك لە روسیاو ئێران لەپێناو کەمکردنەوەو سنوردارکردنی داهاتە نەوتییەکانیان.

ئایا بۆچوون و پێشبینییەکی لەوجۆرە راستە یان نا؟

ئەم تێڕوانینە سیاسییە بۆ قەیرانی نوێی دابەزینی نرخی نەوت لە زۆرێك راپۆرت و لێکدانەوەی جیاوازدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەتایبەتی راپۆرتە روسی و خۆرئاواییەکان کە بەشێکیان باسی هەرەسهێنان و داکشانی بازاڕی نەوتی جیهان دەکـەن لە ساڵی 1986داو رۆڵـی عەرەبستانی سعودیە لە دابەزاندنی سەقفی نرخی نەوتی خاو لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی کتوپڕ، ئەمڕۆ زۆرێـك لە چاودێرانی ئابوری ئەم دەرئەنجامە بە نەخشەیەکی ستراتیژی ئەمریکی دەدەنـە قەڵەم بۆ خنکاندنی یەکێتی سۆڤێت لەڕووی ئابورییەوە خرایەگەڕو دواجار لە رووخاندنیدا سەرکەوتوو بوو، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە داهاتەکانی نـەوت سەرچاوەی سەرەکی دراوی قورسی یەکێتی سۆڤێتی جـاران بوو، لە ئاداری 2014دا (مایکڵ)ی کوڕی سەرۆکی پێشوتری ئەمریکا ڕۆناڵد ڕیگن وتارێکی لە شێوەی نامەیەکی ئاڕاستەکراو بۆ سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما نووسیوە، لەو وتارەدا مایکڵ هەنگاوەکانی باوکی بیری ئۆباما دەهێنێتەوە کاتێك لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو رووبەرووی سعودییەکان و داوای لێکردن بازاڕ پڕبکەن لە نەوتی خاو، ئێستاش ڕێگنی کوڕ داوا لە سەرۆکی ئەمریکا دەکات ستراتیژێکی هاوشێوە لە بەرامبەر ڤلادیمێر پۆتین پەیڕەوبکات.

ئامانجەکە لێدانی ئابوری روسیایە

مایکڵ لەو وتارەیدا دەڵێت: «ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا بەجددی بیەوێت پۆتین لە ئۆکرانیا دووربکەوێتەوەو دوو جار بیربکاتەوە پێشئەوەی پۆتین دەستبکات بە سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێتی، لەسەری پێویستە پلانەکەی ڕیگن پیادەبکات و لەڕووی ئابورییەوە روسیای دایك تەنگەتاو بکات و مایەپووچی بکات، تا ئەو ئاستەی لەتوانایدا نەبێت جلوبەرگی ناوەوە بۆ خۆی بکرێت!»، لەڕاستیدا سعودیە بازاڕی نەوتی جیهانی توشی شۆك کرد کاتێك لەگەرمەی داکشانی نرخی نەوتدا رایگەیاند کە بڕیایداوە گۆڕانکاری لە نرخی گرێبەستەکانی فرۆشتندا بکات، بە واتایەکی تر نەوتەکەی بە دۆلارێك کەمتر لەناو بۆرسەی ئاسیاو بە (45) سەنت کەمتر بە ئەمریکا فرۆشت، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە تا کۆتایی ئەیلولی 2014، ناوەندی نرخی جێگیری نەوت لەسەروو (100) دۆلارەوە بوو، ئەو گۆڕانکارییە هۆکارێکی راستەوخۆ بوو بۆ داکشانێکی خێرا لە نرخەکانی نەوت بۆ ئاستێکی زۆر نزم کە تا ئاستی (55) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك دابەزی.

دابەزینی نرخی نەوت بەردەوامی دەبێت

ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە دابەزینی نرخی نەوت بەردەوامی دەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا لەسەر (70) دۆلار دەگیرسێتەوە، ئەوەش بێگومان لێدانێکی کەمەرشکێنە لە ئابوری دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە ڕێکخراوی ئۆپیک، ئەوەش هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی قەیران و کێشەی دارایی و ئابوری زۆر لەو دەوڵەتانەدا بەهۆی کەمبوونەوەی داهاتەکانی فرۆشتنی نەوتەوە.

دەکرێت بەراوردکاریی مێژوویی بکەین لەنێوان بارودۆخی ئێستاو سیناریۆکانی ڕابـردووداو، بەڵام بەدەر بێت لە حاڵەتی دەستێوەردانی سعودیە لە ساڵی 1985 لە ڕەوشی بازاڕی نەوتی جیهانی، کە بووە هۆی دابەزینێکی گـەورەی نرخی نـەوت، ئـەوەی لە ساڵی 1985 ڕوویدا بریتیبوو لە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپیک لەماوەی چەند مانگێکدا بۆ سەروو (4) ملیۆن بەرمیل نـەوت، تێکڕای ئـەو زیادبوونەش لەلایەن سعودیەو کوێت و ئیماراتی عەرەبیەوە بوو، هێشتا ئەو مشتومڕە مێژوویە دەربارەی پاڵنەرەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و پشتگوێخستنی پشکە دیاریکراوەکانی ئۆپیک بوونی هەیە، وە ئایا بڕیارەکە بڕیارێکی ئابوری ڕووت بوو یان سیاسی – ستراتیژی بوو لە چوارچێوەی شەڕی سارد کە لەلایەن واشنتۆنەوە سەپێنراو لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا ڕێکیانخست، بە چاوپۆشیکردن لە ڕاستی ئەو بابەتە، ئەوەی لەبنەڕەتدا ڕێگەی بە سعودیە داوە ئەو ڕۆڵە ببینێت، پەیوەندیدار بوو بە بونیادی دیاریکراوی بـازاڕی نەوتی جیهانیی کە ڕووداوەکـانـی دەیـەی حەفتاکانی سـەدەی بیست بەسەریاندا سەپاندبووی، بەڵام لە ئەمڕۆدا بابەتێکی لەوجۆرە بوونی نییە.

لەدوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ساڵی 1973، ڕێکخراوی ئۆپیک ڕۆڵی ڕێکخەری بازاڕی نەوت دەبینێت و بە شێوەیەکی پراکتیکی کاریکردووە بۆ پارێزگاریکردن لە سەقفی یەدەگ و بەرهەمهێنان بە دابینکردنی ملیۆنان بەرمیل نەوتی خاو، لەڕێگەی بوونی توانایەکی بەکارنەهاتوو کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ڕێکخستنی هاوسەنگی لەنێوان خواست و خستنەڕوو (العرچ والگلب) لەکاتی پێویستدا، لە سەرەتای دەیەی هەشتاکاندا، یەدەگی بەرهەمهێنانی جیهانی نەوت بە فیعلی بریتیبوو لە یەدەگی ئۆپیک، لەکاتێکدا بەرهەمهێنەرانی نەوت لە دەرەوەی ئۆپیک وەکو ئەمریکا، کەنەداو ڕوسیا نەوتیان دەخستە بازاڕەکانی جیهانەوە بەو ئاستەی کە ئاستی یەدەگیان ڕێگەی دەدا، بەدەر لە کاریگەرییەکانی نرخی نەوت.

بەشی هـەرەزۆری یەدەگی ئامادە بۆ بەرهەمهێنان بە پراکتیکی لەدەستی سعودیەدا بوو کە لە کۆتایی دەیەی حەفتاکاندا، هەناردەکردنی نەوتی تا ئاستێکی زۆر کەمکردەوە بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە سەقفی نرخ،

> **تا کۆتایی ئەیلولی 2014، ناوەندی نرخی جێگیری نەوت لەسەروو (100) دۆلارەوە بوو، ئەو گۆڕانکارییە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ داکشانێکی خێرا لە نرخەکانی نەوت بۆ ئاستێکی زۆر نزم کە تا ئاستی (55) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك دابەزی**

لەو سەردەمەدا کێشەیەك لەنێوان سعودیەو ڕێکخراوی ئۆپیکدا هەبوو دەربارەی ئەو ئامرازەی بەکاردەهێنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕی نەوت، ئۆپیك دەیویست دەست بەسەر کێرڤی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەو دابەزاندنی نرخی نەوت لەڕێگەی دیاریکردنی (پشکەکان)ـەوە، بەڵام سعودیە ئەم شێوازەی ڕەتکردەوەو بەرگری کرد لە نرخێکی دیاریکراو لەجیاتی کۆنترۆڵکردنی ئاستی خستنەڕووی نەوت، بە واتایەکی تر سعودیە نەوتی لە بۆرسە جیهانییەکاندا بەو نرخە دەخستەڕوو کە خۆی بە گونجاوی دەزانی و ئەو ئاستەشی بەرهەمدەهێنا کە خواستی لەسەربوو، ئەو هەنگاوەی حکومەتی ریاز لە کۆتایی دەیەی حەفتاکاندا

لەسەروو (10) ملیۆن بەرمیلەوە بۆ کەمتر لە (3) ملیۆن بەرمیل دابەزاند.

عەرەبستانی سعودیەو وڵاتەکانی تری کەنداو لە سیاسەتی نەوتیاندا توشی کێشەیەکی راستەقینە بوون، لەلایەکەوە پێویستیان بە پارەی نەوت هەیە بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانیان کە بەردەوام لە زیادبوونداید، لەلایەکی تریشەوە ئامانجێکی درێژخایەنیان ئەوەیە کە نەوتەکەیان توانای کێبڕکێی لەگەڵ نەوتی لیتەیی و ئەو نەوتەی کە وڵاتانی تری جیهان بە خەرجییەکی بەرز بەرهەمیدەهێنن، وەکو خۆی ماینێتەوە.

پێدەچێت گەورەترین کێشە روبەڕووی عەرەبستانی سعودیە بێتەوە کە گەورەترین یەدەگی نەوتی هەیە لە جیهانداو گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتیشە، ساڵی 2013 داهاتی ئەو وڵاتە (322) ملیار دۆلاری نەوت و (55) ملیار دۆلار لە سەرچاوەی ترەوە بوو، لەکاتێکدا رێژەی خەرجییەکانی تەنها (192) ملیار دۆلار بووە، ئەمە مانای ئەوەیە سعودیە (130) ملیار دۆلاری زیادەی لە بودجەکەی دەستکەوتووە، ئەمە مانای ئەوەیە تاوەکو ئاستی داهاتی نەوت وەکو ساڵی 2013 بهێڵێتەوە، پێویستە رۆژانە بایی (530) ملیۆن دۆلار بفرۆشێت، بەڵام لەڕاستیدا ساڵی 2013 رۆژانـە (7.6) ملیۆن بەرمیل نەوتی بایی (880) ملیۆن دۆلاری هەناردە کردووە، جیاوازییەکە لێرەدا (322) ملیۆن دۆلارە کە ئەگەر نرخی نەوت 100 دۆلار بێت بۆ هەر بەرمیلێك دەکاتە (3.5) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، واتە نزیکەی نیوەی بەرهەمهێنانی ساڵی 2013.

لەسەر ئەم بنچینەیەوە بۆمان دەردەکـەوێـت کە سعودیە تا رادەیەکی باش دەستکراوەیەو دەتوانێت ئازاد بێت لە سیاسەتی نەوتی و ئابوری خۆیدا، بە شێوەیەکی تیۆری دەتوانین بڵێین عەرەبستانی سعودیە لەتوانایدا هەیە کە بـڕی هەناردەکردنی نـەوت بـەڕێـژەی 40% کەمبکاتەوە بێئەوەی هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر ئابوری وڵات، جگە لەوەی ئەگەر بێتو سعودیە کارێکی

بەرهەمهێنانی نەوت لە دەریای باکور

وابکات ئەوا راستەوخۆ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا.

سعودیە رێگەخۆشکەر بوو

ئەم جیاوازییە لەنێوان توانای بەرهەمهێنان و ئاستی بەرهەمهێنانی راستەقینەدا کە گەیشتبووە زیاتر لە (8) ملیۆن بەرمیل لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان، توانای یەدەگی نەوتی سعودیە نیشاندەدات، ئەوەش لە پێگەیەکی بەهێزەوە رێگەی بۆ خۆشکرد گورزێك لە بازاڕی نەوت بوەشێنێت، هەروەك لە کۆتایی ساڵی 1985دا رووبدا، ئەوەش رێگەی لە بەردەم سعودیەدا خۆشکرد بۆ گۆڕینی قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوتی کوێت و عیراق پێکەوە لە ساڵی 1990، چونکە سەرلەنوێ سەقفی بەرهەمهێنانی تا ئاستی (9) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزکردەوەو تا ئەمڕۆش پارێزگاری لەو ئاستە کردووە، ئەو دەرئەنجامە کاری ئەمریکای ئاسان کرد بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی کەندالە ساڵی 1991 بەبێ بوونی هیچ گوشارێك لەلایەن بازاڕی وزەوە، جگە لەوەش ئەمریکا توانی بەتەواوەتی سەدام حسێن دابمرێنێت و بەرهەمهێنانی نەوتی عیراق بوەستێنێت و ئابلۆقەی ئابوری بەسەردا بسەپێنێت، جگە لەوەش توانی ئامادەکاری تەواو بکات بۆ سەپاندنی شەڕێك بەسەر حکومەتی بەغدا کە ماوەی ساڵێکی خایاند بێتەوەی هیچ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی بازاڕی نەوتی لەسەر بێت.

ئەمڕۆ بارودۆخەکە بەتەواوەتی لە ڕابردوو جیاوازە، چونکە سعودیە وەکو جاران توانای بەرهەمهێنانی ئاستێکی لەوەی ئێستا زیاتری نییەو ناتوانێت بازاڕی نەوت پربکات و بیخنکێنێت، بەڵکو زۆرێك لە شارەزایانی بواری وزە پێیانوایە ئاستی بەرهەمهێنانی سعودیە لە ساڵانی ڕابـردوودا زۆر نزیکە لە توانای باڵای بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاو لە خاکی خۆیەوە بۆ دەرەوە، لەڕاستیدا پێدەچێت ئەو گۆڕانکارییە گرنگەی کە لە سەرەتای دەیـەی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە بازاڕی نەوتی جیهانیدا ڕووبدا بە شێوەیەکی دیاریکراو ئەم خاڵە جەوهەرییە دەگرێتەوە: «لەدەستدانی دەسەڵاتی مانۆڕی بەرهەمهێنان لە رێکخراوی ئۆپیك، بەهۆی ناکۆکی لە نێوان ئەندامەکانیدا لەسەر پشکەکانیان، وایکرد دەستێوەردانی ئۆپیك لە بازاڕی خستنەڕووی نەوت لە ئاستەکانی خوارەوە قەتیس ببێت، بەڵکو باش دەزانێت کە توانای نییە ڕەزامەندی ئەندامەکانی بەدەستبێنێت بۆ بڕیاردانیان لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتەکانیان بە شێوەیەکی جددی».

ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە بدوێین کە سعودیە هەمان کاریگەری پێشووی لەسەر بازاڕەکانی نەوتی جیهان نییە، کەواتا چ پێویستی بە دابەزاندنی نرخی نەوت هەیە بەو

ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا بیەوێت پۆتین لە ئۆکرانیا دووربـکـەوێـتـەوەو دوو جـار بیربکاتەوە پێشئەوەی دەستبکات بە سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی ئیمپراتۆریـەتی سۆڤێتی، پێویستە پلانەکەی ڕێگن پیادە بکات و لەڕووی ئابوورییەوە ڕوسیای دایك تەنگەتاوو مایەپووچ بکات

ئاستەی ئێستا، واتا بە شێوەیەکی پێوانەیی زۆر باڵاتر لەو داتەپینە ڕێژەییەی کە بۆرسەی نەوت لە وەرزی پایزدا بەخۆیەوە دەبینێت؟

ئەگەر بێتو باری ئەمڕۆی بازاڕی نەوتی جیهانی لەگەڵ بارودۆخێکی مێژوویی کۆتایی دەیەی حەفتاکان و سەرەتای دەیەی هەشتاکان بـەراورد بکەین، کاتێك نرخی نەوت بەرزبوونەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و هەڵئاوسانی ئاستی بەرهەمهێنانی خۆرئاواو بەکارهێنانی ئەو سەرچاوەو کێڵگە نەوتانەی لێکەوتەوە کە لەڕووی تەکنۆلۆجیەوە بەرهەمهێنان تێیاندا کارێکی قـورس یان نائابوورییانە بوو لەسایەی دابەزینی نرخەکاندا، لە کۆتایی دەیەی حەفتاکاندا، نەوتی ئالاسکاو دەریای باکور بە ڕێژەیەکی زۆر هاتنە ناو بازاڕەکانی نەوت لە جیهاندا، ئەوەش قەرەبووی

خواستی جیهانیی لەسەر نەوت کردەوەو بووە هۆکاری شکاندنی ئەو بەرزبوونەوە بەردەوامەی لە نرخی جیهانی نەوتدا هەبوو، بازاڕی توشی پووکانەوەو شلەژانێك کردبوو کە تا کۆتایی هەزارەی دووەم بەردەوام بوو.

شەڕی تیرۆر توانای بەرهەمهێنان نەوتی عیراقی لاواز کرد

لە عیراق ململانێ سیاسییەکان و شەڕی تیرۆر تا رادەیەکی بەرچاو تەگەرەی خستووەتە بەردەم توانای بەرهەمهێنان لە کەرتی نەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگی ئەیلولی 2014دا نەوتی بەرهەمهاتوو تەنها لە کێڵگەکانی بەسرەوە گەیشتووەتە (2.6) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بەدەر لە نەوتی باکورو ناوەڕاستی عیراق، ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە کێڵگەی نەوتی نوێ لە باشور دابمەزرێنرێت و نەوتی زیاتر بەرهەمبهێنن.

توانای هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە کە هێشتا بەڕەسمی هەر بەشێکە لە نەوتی عیراق گەیشتووەتە (300) هەزار بەرمیل کە لە داهاتوویەکی نزیکدا چاوەڕێ دەکرێت بۆ (500) هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرزببێتەوە، بەڵام هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە کوردستان لەچەند ساڵێکی کەمدا دەتوانێت لانیکەم توانای بەرهەمێنانی نەوت بۆ (1) ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرزبکاتەوە، ئامانجی درێژخایەنی هەموو عیراق ئەوەیە کە توانای بەرهەمهێنان بۆ نزیکەی (8) تا (9) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبکرێتەوە.

جگە لە کوێت و عیراق، ئەگەر بێتو گەمارۆ ئابورییەکانی سەر ئێران هەڵبگیرێن، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئێرانیش لەتوانایدا دەبێت توانای بەرهەمهێنانی نەوت بەبڕی زیاتر لە ملیۆنێك بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرزبکاتەوە، تەنانەت عەرەبستانی سعودیەش کە ئەمڕۆ گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا، پلانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی هەیە.

باڵانسی نرخی نەوت لەژێر هەڕەشەدایە

لەدوای بەڕێکردنی (10) ساڵی مێژوویی لەسایەی

پاڵاوگەیەکی نەوت لە باشوری عێراق

بەرزی نرخی نائاسایی نەوت، ئێستا زۆربەی ئاماژەکان بەو ئاڕاستەیەن کە بازاڕەکانی نەوتی جیهانی گۆڕانی گەورە بە خۆیانەوە دەبینن هەم لەلایەنی خواست لەسەر نەوت و هەمیش لەلایەنی زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتەوە.

بەرزبوونەوەی ئاستەکانی بەرهەمهێنانی نەوت تەنها بەهۆی نەوتی لیتەییەوە نییە، بەڵکو چەندین وڵاتی ئەفریقاو ئەمریکای باشور وەبەرهێنانی زۆریان لە نەوتی خاوی ئاساییدا ئەنجامداوەو بڕی بەرهەمهێنانی نەوتیان بەرزکردووەتەوە، لە وڵاتی مەکسیك دوای ئەوەی کەرتی تایبەت دەسەڵاتی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی نەوتی وەرگرت چاوەڕوان دەکرێت ئاستی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبێتەوە، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی گەورە وەبەرهێنەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پلانی فراوانکردنی توانای بەرهەمهێنانی نەوتیان هەیە، لەلایەکەوە وڵاتی کوێت کە یەکێکە لە ئەندامانی رێکخراوی ئۆپیك، ئامانجی ئەوەیە تا ساڵی 2020 توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە (3.1) ملیۆن بەرمیل بەرزبکاتەوە بۆ (3.6) بەرمیل نەوت لە رۆژێکداو دوای ئەوەش توانای بەرهەمهێنان بەرزبکاتەوە بۆ (4) ملیۆن بەرمی نەوت لە رۆژێکدا.

دەرهێنانی نەوتی قورس و لیتەیی هاوکێشەکەی گۆڕی

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ساڵی 2003 بەدواوە، پێبازێکی هاوشێوەی لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە رۆژئاوا بەرپا کرد، بەڵام شەپۆلی ئەوجارە لەڕێگەی سەرچاوە ناتەقلیدییەکانەوە بوو، بەتایبەتی نەوتی بەردیی و نەوتی دەرهێنراو لە لیتەو جۆرەکانی تری نەوتی قورس کە تا ساڵانێکی نزیك دەرهێنانی پرۆسەیەکی ئاڵۆزو نائابوری بوو، لە ئەنجامی دۆزینەوەو سوود وەرگرتن لەو سەرچاوە تازانەی وزە، سەرباری بەرزبوونەوەی نرخ و داهێنانی ئامرازی تەکنۆلۆژی نوێ لە بواری پیشەسازی نەوتدا، کە کارئاسانیان کرد لە بواری دەرهێنانی نەوتی قورس و پەنگخواردوو هەڵواسراو لەناو چینە بەردەکاندا، هەموو ئەمانە رێڕەوی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکایان گۆڕی، تا ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی لە ساڵی 2008دا گەیشتە (5) ملیۆن بەرمیل، بەڵام لەمڕۆدا تا ئاستی (8.5) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبووەتەوە، پێشبینییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاستی رۆژانەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا لە ساڵی 2016دا بگاتە زیاتر لە (9.5) ملیۆن بەرمیل، هەموو ئەو بڕە نەوتە بەرهەمهێنراوە زیادەیەش لەڕێگەی سەرچاوەکانی نەوتی قورسەوە دەستکەوتووە.

بەکارهێنانی نەوت کەمتر دەبێتەوە

بەپێچەوانەی بەرهەمهێنانەوە وا دەرناکەوێت کە بەکارهێنانی نەوت ئەوەندە پەرەبستێنێت، لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە بەکارهێنانی نەوت گەیشتووەتە ئاستێکی مێژوویی، پاشەکەوتکردنی وزەو پەرەسەندنی سەرچاوە جێگرەوەکانی وزە (وزەی نوێ) وادەکەن داواکاری لەسەر نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان کەمبکات، ئەگەری زیادکردنی بەکارهێنانی نەوت لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا لەزیادبوونداید، بەڵام لە چین بۆ نموونە ئابوریەکەی کەمتر لە جاران لە گەشەسەندنداید، ئەمەش وادەکات کە ئاستی داواکاری لەسەر نەوت کەمبکات.

بەکورتی، زۆربەی ئاماژەکان بەو ئاڕاستەیەن کە بەرهەمهێنان و خستنەڕووی نەوت زیاتر لە داواکاری لەسەر نەوت زیاد بکەن، تەنانەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو کێشەو ململانێیانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئاراداون، شارەزایانی بواری نەوت ئەگەری ئەوەیان داناوە کە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت کەمێك لە رێژەی چاوەڕوانکراو کەمتر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی پێشبینییەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە نرخی نەوت بەرەو دابەزین دەچێت.

ئەو بەرزبوونەوەیە لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا، لەگەڵ گەڕانەوەی نەوتی عیراق بۆ بازاڕی نەوتی

جیهانی و دەرکەوتنی بەرهەمهێنەری گەورەی نوێ لە ئەفریقا وەکو (ئەنگۆلا)، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی روسیا تا ئاستێکی نزیك لەوەی لە رابردوودا یەکێتی سۆڤێت بەرهەمیدەهێنان، هەموو ئەو گۆڕانکارییانە پێکەوە هۆکار بوون بۆ پرکردنی بازاڕەکان لە نەوت وەك ئەمڕۆ بەدیدەکرێت، ئم فاکتەرانەش پەیوەستن بە سەرهەڵدانی پووکانەوەیەکی ئابووری جیهانیی کە لەچەند ساڵی رابردوودا رێگەیان لە رەوڕەوەی گەشەکردنی بازاڕی ئاسیا گرت، ئەو بازاڕەی کە حاڵی حازر بە کێرڤێکی گەورە لە گەشەکردن و فراوانبوونداید.

ئـەم نرخە بـەرزەی نـەوت وایـکـردووە کە وڵاتانی رۆژئاوایی، بەتایبەتی ئەمریکاو کەنەدا وەبەرهێنانێکی زۆر لە نەوتی لیتەیی و گازی لیتەییدا بکەن و بەمەش نەوتێکی زۆر زیاتر لە بڕی چاوەڕوانکراو بەرهەمبهێنن، توانای بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی تەنها بە ئەمریکاو کەنەداوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو چەندین وڵاتی تر هەن توانایان هەیە نەوتی لیتەیی بەرهەمبهێنن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین ئاکارەکانی داواکاری لەسەر نەوت بە رێژەیەکی کەم پەیوەستە بە نرخەوە، ئەمە مانای ئەوەیە گۆڕان لەئاستی بەرهەمهێناندا لەچاو گۆڕان لە نرخدا ئەوەندە زۆر نییە، ئەمە توانای ئەوەی داوە بە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت کە داهاتێکی زیاتریان دەستبکەوێت، تەنانەت ئەگەر نەوتیشیان کەمتر بەرهەمهێنابێت.

گرنگترین رووداوی ناجۆر لێرەدا لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا رووید اکاتێك داواکاری لەسەر نەوت زۆر کەمی کردو خستنەڕووی نەوتیش لە دەرەوەی رێکخراوی ئۆپیکدا زیادی کرد، ئەمە وای لە رێکخراوی ئۆپیك کرد کە پارێزگاری لەئاستی بەرهەمهێنان بکات لەجیاتی پارێزگاریکردن لە نرخی نەوت، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە بۆ ماوەی (15) ساڵی تەواو کێرڤی نرخی نەوت بە نزمی مایەوەو لە نزمبوونەوەی بەردەوامدا بوو.

لە بارودۆخی ئەمڕۆدا پێگەی درێژخایەنی وڵاتانی کەنداو لە بـازاڕی وزەدا روبـەڕووی کێبڕکێ دەبێتەوە لەلایەن نەوتی لیتەیی و گـازی لیتەیی و نەوتی ژێر دەریاکانەوە کە لە جەمسەرەکانی باشورو باکوری گۆی زەویدا بەرهەمدەهێنرێت، هەروەها تا رادەیەکیش لەلایەن وزە نوێبووەکانی وەکو وزەی تیشکی خۆرو وزەی باوە بەربەرەکانێ دەکرێت، دابەزینی نرخی نەوت تا رادەیەکی کەم دەبێتە هۆیەك بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نـەوت، بـەڵام وەبەرهێنانەکان کەمتر دەبنەوەو وردە وردە وڵاتانی کەنداو دەتوانن رێژەیەکی زۆرتری بازاڕ بۆ خۆیان بەرن، چونکە نەوتی و گازی لیتەیی بەهۆی زۆر تێچوونیانەوە ئەوەندە بەرگەی نرخ دابەزین ناگرن، نزمترین نرخ کە نەوتی لیتەیی ئەمریکی بتوانێت بەرگەی بگرێت نزیکەی (60 بۆ 80) دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێك.

بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، گەمەیەکی سیاسیە

ئەوە خاڵەی زۆرێك لە چاودێران و شارەزایانی بواری ئابوری سەرنجی نادەنێ، بەتایبەتی ئەوانەی شیکردنەوەو لێکدانەوەیان بۆ دابەزینی نرخی نەوت هەیە، بریتییە لە کاریگەری مەرامە سیاسییەکان، چونکە نرخدانانی نەوت بەندە بە چەندین هاوکێشەی ئاڵۆزو سنوری دیاریکراوەوە کە لەوانەیە بەزاندنیان دەرئەنجامی پێچەوانەو نێگەتیڤی لێبکەوێتەوە، هەمیشە چەند خشتەو پۆلێنێکی تایبەت بە نرخی نەوت هەیە دەبێتە هۆی رووداتی گۆڕاکاری بنەڕەتی لە بازاڕەکانی نەوتدا، ئەگەر بێتو نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو توشی هەڵکشان و داکشان ببێت، گرنگترینی ئەو فاکتەرانە پەیوەندییان بەبڕی تێچوونی دەرهێنانی نەوتی قورسەوە هەیە، ئەگەر لە عەرەبستانی سعودیە تێچووی دەرهێنانی یەك بەرمیل نەوت لە (3) دۆلار تێپەڕ نەکات، ئەوا ئامادەکردن و گەرمکردنی نەوتی هەڵواسراو لەنێوان چینە بەردەکان و نیشتەنیە لمینە نەوتییەکاندا پرۆسەیەکی زۆر بە تێچوونە، چونکە پشت دەبەستێت بە پرۆسەیەکی پیشەسازی کە وزەو سەرچاوەی زۆری دەوێت، لەبەر ئەم هۆکارە دابەزینی بـەردەوام و کاریگەری نرخی نەوت، پێدەچێت ببێتە هۆی دەرچوونی نەوتی بەرهەمهێنراو بەو پرۆسە قورسە لە بـازاڕی نـەوت، لە بەرامبەریشدا

هەرەسهێنانی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت کە بە شێوەیەکی گشتی لەڕێگەی وەرگرتنی قەرزەوە سپۆنسەر پرۆژەکانیان دەکەن و پێشتر گریمانەیان لەسەر ئەوە کردووە کە نرخی یەك بەرمیل نەوت سنوری (100) دۆلار تێدەپەڕێنێت.

بەپێی پێشبینییەکانی کۆمپانیای (ماکینزی)ی راوێژکاریی، زۆربەی بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی بەردیی لە ئەمریکا پێویستیان بەوەیە نرخی بەرمیلێك نەوت لەسەروو (75) دۆلار بێت بۆ ئەوەی بتوانن قازانج لە پرۆژەکانیان بکەن، لەلایەکی تـرەوە سەرچاوەکان لە بواری پیشەسازی وزە دەڵێن: کەمکرنەوەی وەبەرهێنان شانبەشانی وەستاندنی کارکردن لەو بیرانە کە ئاستی بەرهەمیان کەمە دەستپێدەکات، کاتێك کە نرخەکان بۆ خوار ئاستی (85) دۆلار دادەبەزێنێت، بەڵام پێشئەوەی ئەم کاریگەرییە بگاتە ئەمریکا، یەکەم لایەن کە هەست بەو قەیرانە دەکات، کەرتی نەوتی قورسی کەنەدایە، کێشەی نەوتی ناتەقلیدی (قورسی) کەنەدا تەنها لەسەر تێچووی بەرزی بەرهەمهێنانی کۆنەبووەتەوە، بەڵکو بۆ تێچووی گواستنەوەشی دەگەڕێتەوە، ئەگەر بێتو گواستنەوەی نەوت لە کەنداوی عەرەبیەوە بۆ دەرەوە لە (3) دۆلار زیاتر بێت، ئەوا گواستنەوەی نەوت لە خۆرئاوای کەنەدا پێویستی بە (12 تا 15) دۆلار هەیە.

یـەکـەم: هـۆکـارەکـەی بـۆ ئـەوە دەگـەڕێـتـەوە کە بەرهەمهێنانی نـەوت لە قووڵایی چەند ناوچەیەکی ناوخۆیی کەنەدا دوور لە کەنارەکان و بەندەرەکانی هەناردەکردن ئەنجامدەدرێت.

دووەم: نەوتی دەرهێنراوی کەنەدا لە نیشتەنی ملین و ئەسفەلت کارێکی قـورس و چڕو ئاڵۆزە، پێویستی بە توانایەکی پاڵپێوەنانی زۆر هەیە تاوەکو لەڕێگەی بۆرییەکانەوە ماوەی هەزاران میل دەبڕێت و دەگەیەنرێتە کەنداوی مەکسیك یان کەنارەکانی خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نەوتی بەرهەمهێنراوی قورس لەبنەڕەتدا بە نرخێکی نزمتر لە نرخی جۆرەکانی تر دەفرۆشرێت، بەجۆرێك کە لە ساڵی 2013دا بۆ نزیکەی (20) دۆلار دەبـەزی، ئـەوەش بۆ خراپی کوالیتیەکەی دەگەڕێتەوە.

ماوەیەکی زۆر نرخی نەوت لە نزیك (80) دۆلاردا دەبێت

بێگومان لەلایەنی جیۆپۆلیتیکیشەوە نرخی نەوت کاریگەری بەرچاوی هەیە، چونکە ئەگەر نرخی نەوت نزمبێتەوە لە بەرامبەردا عەرەبستانی سعودیە دەتوانێت پێگەی خۆی لە دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بەهێزتر بکات، چونکە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا زیاتر ئەوە رووندەبێتەوە کە سعودیە لەتوانایدا هەیە کاریگەری لەسەر پیشەسازی نەوتی ئەمریکی دروست بکات و پێی خۆی لە بازاڕی ئەمریکیدا قایم بکات، هەرچەندە جیهان پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاتر هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی و داواکارییەکان لەسەر وزە، بەڵام بەپێی پێشبینییەکان تا ساڵی 2030 بازاڕ هەر کورتخایەن دەبێت، بازاڕی نەوت بازاڕێکی ئاسایی نییە کە لەسەر بنچینەی کێبڕکێی ئازاد بنیاتنرابێت، هیچ هاوسەنگییەك لە نرخی نەوتدا نییە، لە بازاڕی نەوتدا هەموو شتێك لە جوڵەدایە: تەکنۆلۆجیا، خەرجییەکان، شێوەی کاراکتەرەکان، هەلومەرجی کێبڕکێ، شێوازی داواکارییەکان، ڕێکخستنەکان، تەنانەت باج و نرخەکانیش.

نزمبوونەوەی نرخی نەوت وادەکات کە توانای کێبڕکێی وزە نوێبوەوەکانیش لاواز ببێت، ئەستەمە بتوانرێت بازاڕی نەوت بەئاسانی کۆنترۆڵبکرێت و نرخیش بەئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێشهاتەکانەوە، هەرچەندە چاوەڕوان دەکرێت کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن نرخی نەوت لە نزیك (80) دۆلاردا بێت، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ تێچوونەکانی نەوتی لیتەیی ئەمریکی ئەگەری ئەوە هەیە نرخی نەوت زۆر لەو ئاستەش نزمتر ببێتەوە، هەرچی روسیایە زۆر پشتی بە داهاتەکانی نەوت بەستووە، ئەگەر بێتو نرخی نەوت زیاتر دابەزێت ئابوری روسیا لاوازتر دەبێت، هەروەها ئێرانیش بەهەمانشێوە ئابوورییەکەی زۆر لاواز دەبێت لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا، لەلایەکەی ترەوە ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت ئەوا وڵاتانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاو باشوری ئەورووپا توانای کڕینیان بەهێزتر دەبێت و ئابوورییەکانیان باشتر دەبوژێنەوە.

بوونی ناهاوسەنگی لە بازاڕی نەوتدا پێویستی بەوەیە یەکلایی بکرێتەوە، یان لەڕێگەی ئەوەوە کە بەرهەمهێنانی نەوت و خستنەڕووی کەمبکرێتەوە، یان لەڕێگەی ئەوەوە کە خستنەڕوو زیادبکات، بەڵام نرخ کەمبکرێتەوە، عەرەبستانی سعودیە هەندێك وڵاتی تری کەنداو بەهۆی توانای زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتەوە ئەگەری ئەوەیان لەبەردەستدایە کە نرخی نەوت دابەزێنن، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا مەبەستی سەرەکی ئەم وڵاتانە چییە لە دابەزاندنی نرخدا.

سعودیە دەیەوێت چۆك بە رکابەرەکانی دابدات

بێگومان دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا سنورێکی دیاریکراوی خۆی هەیەو لەدوای ئەوەش ئاستی بەرهەمهێنان دەست بە پاشەکشە دەکات، سەرەتا لەو کێڵگانەوە دەستپێدەکات کە تێچووی بەرهەمهێنانیان بەرزترەو لە هەرێم و ناوچەکانی بەکاربردنەوە دوورن، ئەم هاوکێشەیە سەرلەنوێ پێوەرە دینامیکیەکە ئاوەژوو دەکاتەوەو فشارەکان لەسەر بازاڕ کەمدەکاتەوە، لەبەر ئەم هۆکارە، هەندێك لە شارەزایان لەو بڕوایەدان ئامانجی سعودیە لەو هەنگاوەدا بریتییە لە هێشتنەوەی نەوت لە چوارچێوەی سنورێکی گونجاو کە رێگر بێت لەبەردەم زیادبوونی قەبارەی خستنەڕووی نەوت بەبێ ئەوەی بازاڕەکان بەو هەنگاوە ناسەقامگیرو شپرزە بن یان هەڕەشەیەك بێت بۆ سەر کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی وزە لە دەوڵەتانی رۆژئاوا.

لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ستراتیژی عەرەبستانی سعودیە بەند بوو لەسەر بەرگریکردن لە جێگیری نرخی نەوت، بەڵام کاتێك لە کۆتایی ساڵی 1985 ئاستی هەناردەکردنی نەوتەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، دەستبەرداری ئەو خواستەی بوو، ئەمڕۆش سیاسەتی سعودیە چووەتە بەرەی بەرگریکردن لە پشکی خۆی لەناو بازاڕی نەوتدا، لەڕێگەی دابەزاندنی نرخی گرێبەستەکانی هەناردەکردنی نەوتەوەو دەتوانێت کڕیارانی مسۆگەر بۆ نەوتە بێشوماڕەکەی پەیدا بکات، حکومەتی سعودیە لە ساڵانی هەشتاکاندا بە رکابەرەکانی دەگوت کە لەتوانایدایە لەڕێگەی یەدەگی نەوتی بەرهەمهێنراوەوە چۆکیان پێ دابدات، راستییەکەش ئەوەیە کە داڕمانی نرخ هیچ کاریگەرییەکی لەسەر تێکڕای داهاتەکانی سعودیە نەبوو، واتا کاتێك نرخی نەوت بۆ نزیکەی نیوە دابەزی، لە بەرامبەردا ئاستی بەرهەمهێنانی دوو هێندە زیادیکرد.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا رێکخراوی ئۆپێك یان گەورە بەرهەمهێنەرەکانی کەنداو چۆن مامەڵە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا دەکەن، سەرەتا لە مانگی 8ی 2014دا، عەرەبستانی سعودیە ئاستی بەرهەمهێنانی بە نزیکەی (400) هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا کەمکردەوە، ئەمە بەحساب بۆ رێگەگرتن بوو لە دابەزینی نرخی نەوت، بەڵام لە مانگی ئەیلولدا نرخی نەوتی سعودیە لە بازاڕەکانی ئاسیادا کەمکرایەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەڕێژەی نەوتی خراوەڕووی بازاڕ بکەن.

لە بەرامبەردا ئەم ژمارانە ئەوەمان پێدەڵێن ئەگەر سعودیە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت وەك ساڵی 2013



خشتەیەک ئاماژە بە دابەزینی نرخەکانی نەوت دەکات لە ساڵی 2014

بەپێڵێتەوە ئەوا هەتا ئەگەر نرخی نەوت بۆ (67) دۆلاریش دابەزێت بۆ هێشتا سعودیە زیان ناکات و بودجەی وڵات هیچ کورتییەك ناهێنێت، سعودیە هیچ لە بەرنامەیدا نییە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەمبکاتەوە، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە ئاستی بەرهەمهێنانی بۆ (10) ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرزبکاتەوەو ئەو کاتەش بە فرۆشتنی هەر بەرمیلێك نەوت بە (53) دۆلار هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نابێت.

ئەوەش بەدیدەکرێت کە رەوشی ئەمڕۆی بازاڕی نەوت زۆر لە رەوشی ساڵەکانی (1985 و 1986) دەچێت، کاتێك ڕێکخراوی ئۆپیك ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی زیادکردو نرخەکەشی کەمکردەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە جێگیری بازاڕی نەوت بکات، ئەمڕۆ وڵاتە دۆڵەمەندەکانی کەنداو بەهەمانشێوەی ئەوکاتە لەلایەکەوە زیادەیەکی باشی بودجەیان لەبەردەستدایە کە ئەگەری ئەوەیان دەخاتە پێش کە ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت کەمبکەنەوە، بەڵام لەلایەکەی ترەوە توانایەکی سوود لێوەرنەگیراویشیان دێتە بەردەست کە وایان لێدەکات کە هەناردەکردنی نەوت بەرزبکەنەوە، بەڕای من زۆربەی ئاماژەکان بەو ئاڕاستەیەن کە ئەمەی دووەمیان هەڵبژێرن و ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەنەوە.

ئەمڕۆ پەیامی عەرەبستانی سعودیە بۆ بـازاڕو بەرهەمهێنەرانی نەوت ئەوەیە، کە نەوتەکەی لە هەموو جیهاندا کێبڕکێ دەکات و دواپین وڵاتیشە کە دابەزینی نرخی نەوت کاریگەری بۆ سەر ئابوریەکەی هەبێت، کەواتا حکومەتی ریاز پێش هەرشتێك پەرۆشە بۆ فرۆشتنی نەوت بەدەر لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی بازاڕی نەوتی جیهانی.

سەرچاوەکان:

پێگەی (صوت الحکمه)، سایتی کەنالی (العربیه)، سایتی (دۆیچە ویلە)ی ئەڵمانی، نەشرەی (دولیات) ژمارە (2422) – 18ی تشرینی یەکەمی 2014

http://www.iawvw.com/research-studi

46-09-04-24-10-2014-es/1049

http://www.alarabiya.net/ar/aswaq/oil-and-

D8%A7%D9%%/20/12/gas/2014

نەوت هاوسەنگی سیاسەتی جیهان دەگۆڕێت

دابەزینی نرخی نەوت (3.1) ترلیۆن دۆلار لە گیرفانی بەرهەمهێنەرانەوە بۆ گیرفانی بەکاربەران دەگێڕێتەوە!

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن
IDEA DIPLOMATIC

دابەزینی نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو لەماوەی شەش مانگی رابردوودا کە گەیشتوەتە ئاستی نیوە، لە ئێستادا قەیرانی ئابوری لێکەوتوەتەوەو کاریگەری لەسەر روسیاو ئەمەریکاو ئەڵمانیاو فەرەنساو سکۆتلەندەاو دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، قەیرانێك کە چارەنووسسازانە هەڕەشە لە هاوسەنگی دەسەڵاتی سیاسی جیهان دەکات.

ئێدوارد لوکاس، شرۆڤەکاری گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانی لەبارەی کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت نوسیویەتی: «بەهەمانشێوەی روسیا کە کەوتوەتە لێواری قەیرانێکی ئابوریەوە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، ئەمەریکاو عەرەبستانی سعودیە بە سود وەرگرتن لە بازاڕی قەیراناوی نەوتی جیهانی، هەوڵدەدەن زیان لە رکابەرو دوژمنانیان بدەن، ئاکامە خراپەکانی ئەم قەیرانە لەنزیك سنورەکانمان دەبینرێت و پیشەسازی نەوتی دەریای باکور لە رووخاندایە، بەڵام هەواڵی خۆش بۆ ئێمە پرکردنی تانکی ئۆتۆمبیلەکانمانە بە بەنزینی هەرزان، بەڵام ئایا قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت چ کاریگەرییەکی بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بەریتانیاوە دەبێت؟».

روسیا لە توانەوەدایە

دونیا خوی بەوەوە گرتووە کە ڤلادیمێر پۆتین سەرۆك کۆماری روسیا قسەی پڕ هەراو زەنا لەبارەی بەشکۆیی قۆناغی بەمۆدێرن کردنی روسیا دەکات، پۆتین بە رەخنەی تووندی لەدژی یاساخکردنی سەپێنراوی ئەمەریکاو یەکێتی ئەورووپا لە وەڵامدانەوەی لکاندنی نیمچە دورگەی (کریم) بەتووندی هۆشداریدا بەوەی کە وڵاتانی تر هەوڵدەدەن ددان و نینۆکی پەنجەی ورچی روسی بکێشن، لە دوا سەفەریدا بۆ تورکیا پۆتین بەناچاری راوێژی گۆڕیوەو لە وتارێکی شەڕانگێزانەیدا وتی: نەخشەی هێڵە گازییەکانی باشور کە لە روسیاوە بە ئەوروپا کۆتایی دێت بەردەوام نابێت، ئەم هێڵە (25) ملیار پاوەندییە کە بە دەریای رەش و ناوچەی باڵکاندا تێدەپەڕێت، وا دەکات کرملین بینەقاقای دابینکردنی وزەی چەند وڵاتێکی ئەوروپی بگرێت وەك ئیتالیا، بولگاریا، سربیا، کرواتیا، سلۆڤینیا، هەنگاریاو نەمسا.

ئەم هێڵانە بەشێوەی سوکایەتی کردن نیشانی دەدات کە سەروەری روسیا بەسەر یەکێتی ئەوروپا هەبوو کە بەمدواییە بڕیاری نایاساییبوونی ئەم هێڵانەی داوە، بەگوێرەی یاسای بازاڕی وزەی ئەوروپا کە بەریتانیا بەتوندی پاڵپشتی دەکات، کۆمپانیایەکی یەکسان ناتوانێت هەم خاوەنی هێڵی گازو هەم خاوەنی گازیش بێت، چونکە بەرهەمهێنان لە رادەبەدەرو نرخدانان لەم مەیدانەدا دەداتە ئەم کۆمپانیایە، بەڵام دەبێت پۆتین نەرمی بنوێنێت و پرۆژەکە هەڵوەشێنێتەوە، بۆچی؟ دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا کۆگاکانی کرملین چۆڕبڕ دەکات، کە لە مانگی حوزەیرانی (2014)ـەوە تائێستا گەیشتوەتە نیوەی، روسیا وەك سێیەمین بەرهەمهێنەری گەورەی نەوت لەهەموو جیهاندا، بەتوندی خوی بە هەڵکشانی نرخی نەوتەوە گرتبوو، لەکاتێکدا کە زیاتر لە نیوەی بودجەکەی پشت بە داهاتی نەوت و گاز دەبەستێت.

دەسەڵاتدارانی کرملین بۆ پاراستنی بیرۆکراسی

گاز دەبەستن، بەڵام پێش چەند رۆژێك نرخی هەر بەرمیلێك نەوت گەیشتە (58. 55) دۆلارو نزمترین نرخی خۆی لە (5) ساڵی رابـردوو تاقیکردەوە، هەرچەند کەمێك نرخی بـەرزبـوەتـەوە، بـەڵام بۆ دەوڵەتی ڤلادیمێر پۆتین بەتایبەت بە سەرنجدان بە یاساخکردنە سەپێنراوەکانی خۆرئاوا ناپێویست دێتە بەرچاو.

بەهای رۆبڵی روسیا راستەوخۆ دابـەزیـوەو بووەتە هـۆی دەرکـردنـی سەرمایە لـەو وڵاتـەداو دەسەڵاتدارانی ناچار کردووە بە گەیاندنی بەهای سود بە (17%) هەرچی زووترە بەر بە بردنەدەرەوەی دراو لە وڵاتەکەیان بگرن، هەلومەرج بۆ روسیا

هەرچەندە کرملین لاواز بووە، بەڵام ئینگلیزەکان نابێت بەوە خۆش خەیاڵ بن، چونکە ئەو مەترسییە نەڕەویوەتەوە کە روسیا بە هەنگاوی سەربازی هەوڵیداوە سەرنجی خەڵکی ژێر هەژمونی خۆی بۆ شەڕفرۆشتن بە پەیمانی ناتۆ رابکێشێت

خراپەو هاووڵاتیانی ئەوەیان بیرنەچوەتەوە کە هاتنەخوارەوەی نرخی نەوت زیانی زۆری بە ئابووری سۆڤیەتی پێشوو گەیاند، ئەمڕۆش ئەم هەلومەرجانە بۆ هەوڵەکانی پۆتین بەمەبەستی بـوژانـەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت زۆر خراپە.

پلانی بودجەی روسیا بۆ (3) ساڵی داهاتوو نرخی نەوتی بەنزیکەی (100) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك داناوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێستا ئەم نرخە زۆر گەشبینانەیە، هەرچەندە کرملین لاواز بووە، بەڵام ئینگلیزەکان نابێت بەوە خۆش خەیاڵ بن، چونکە ئەو مەترسییە نەڕەویوەتەوە کە روسیا بە هەنگاوی سەربازی هەوڵیداوە سەرنجی خەڵکی ژێر هەژمونی خـۆی بـۆ شـەڕفـرۆشـتن لـە سیاسەتی دەرەوەیـدا بەئامانجی سوکایەتیکردن بە پەیمانی ناتۆ رابکێشێت.

هەندێك لـە دەسـەڵاتـدارانـی بەریتانیا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەگەرە هەستەدەکەن کاتی هاتووە هەڵوێست لە بەرامبەر پۆتین وەربگرن و بەڵگە دەهێننەوە کە پۆتین پەندی لە سودمەندبوون لە گۆڕانە واقیعییەکان وەرگرتووەو نابێت زۆر گوشاری بخەنە سەرو لەجیاتی ئەوە دەبێت رێککەوتنی بۆ پێشنیار بکرێت سەبارەت بە بارودۆخی ئۆکرانیا، بەمەبەستی گەڕانەوەی سەنگ و قورسایی و لابردنی یاساخ کردنەکان و بەرگرتن و چەندی زووە نەهێڵین ئابووری روسیا دارمێت.

ئێمە دژی ئەو بەڵگەهێنانەوەیەین کە دەڵێت پۆتین نایەوێت لـەگـەڵ خـۆرئـاوادا بسازێت و دەیەوێت یاساکانی ئاسایشی ئەوروپا بنوسێتەوە، کاتێك دەسەڵاتدارانی کرملین رازی دەبن کە قبوڵمان بێت وڵاتانی وەك ئۆکرانیا رادەستی روسیا بکرێت، کە دەستکەوتێکە ئێمە ناتوانین و نابێت پێی بدەین، ئەگەر سەرنجی ئۆکرانیا بدەین لەوکاتەدا ئەو پرسیارە دێتەپێش کە ئەگەر ڤلادیمێر پۆتین هەوڵبدات پیلانەکانی بۆ وڵاتێکی تر «رەنگە وڵاتانی حەوزی باڵتیك بێت کە لە ناتۆدا هاوپەیمانمان بەکاربەرێت، ئەو کاتە چی روودەدات»؟

سەربازی هەوڵیداوە سەرنجی خەڵکی ژێر هەژمونی خـۆی بـۆ شـەڕفـرۆشـتن لـە سیاسەتی دەرەوەیـدا بەئامانجی سوکایەتیکردن بە پەیمانی ناتۆ رابکێشێت.

هەندێك لـە دەسـەڵاتـدارانـی بەریتانیا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەگەرە هەستەدەکەن کاتی هاتووە هەڵوێست لە بەرامبەر پۆتین وەربگرن و بەڵگە دەهێننەوە کە پۆتین پەندی لە سودمەندبوون لە گۆڕانە واقیعییەکان وەرگرتووەو نابێت زۆر گوشاری بخەنە سەرو لەجیاتی ئەوە دەبێت رێککەوتنی بۆ پێشنیار بکرێت سەبارەت بە بارودۆخی ئۆکرانیا، بەمەبەستی گەڕانەوەی سەنگ و قورسایی و لابردنی یاساخ کردنەکان و بەرگرتن و چەندی زووە نەهێڵین ئابووری روسیا دارمێت.

ئێمە دژی ئەو بەڵگەهێنانەوەیەین کە دەڵێت پۆتین نایەوێت لـەگـەڵ خـۆرئـاوادا بسازێت و دەیەوێت یاساکانی ئاسایشی ئەوروپا بنوسێتەوە، کاتێك دەسەڵاتدارانی کرملین رازی دەبن کە قبوڵمان بێت وڵاتانی وەك ئۆکرانیا رادەستی روسیا بکرێت، کە دەستکەوتێکە ئێمە ناتوانین و نابێت پێی بدەین، ئەگەر سەرنجی ئۆکرانیا بدەین لەوکاتەدا ئەو پرسیارە دێتەپێش کە ئەگەر ڤلادیمێر پۆتین هەوڵبدات پیلانەکانی بۆ وڵاتێکی تر «رەنگە وڵاتانی حەوزی باڵتیك بێت کە لە ناتۆدا هاوپەیمانمان بەکاربەرێت، ئەو کاتە چی روودەدات»؟

ملکەچپێکردنی رێکخراوی ئۆپیك

سەرباری نیگەرانییەکانمان لە بەرامبەر روسیا، نابێت لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا لە گۆڕانی هێزێکی بەتوانای تـر، واتـا رێکخراوی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت ناسراو بە (ئۆپیك) بێئاگا بین، 40) ساڵ لەمەوبەر دامـەزرا،

خۆرئاواییە زۆر بەکاربەرو دەستبڵاوەکان زەندەقیان لێی چوو، ئێمەی خۆرئاوایی لەچەند دەیەی رابردوودا خوومان بە نەوتێکی زۆرو نرخ هەرزانەوە گرتبوو، کە زۆرجار بەرهەمهێنەرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمیان دەهێنا کە دەسەڵاتی جیهانییان کەمبوو، ئۆپیك ئەم بارودۆخەی گـۆڕی، ئەم رێکخراوە بە سنوردارکردنی بەرهەمهێنانی نەوت پێش ماوەیەك نرخی نەوتی کردە (4) هێندە، واتا زیادبوونەکە لەنێوان (3) بۆ (12) دۆلاردا بوو، هەرچەندە ئەم نرخە تەنها کەسرێکی بچوکە لە نرخی ئەمڕۆی نەوت، بەڵام نرخی نەوت لە ساڵی (1974) دا کە ریزبەستنی دورو درێژی لە بەردەم وێستگەکانی بەنزین لە بەریتانیا دروستکردو جیهانی پیشەسازی خۆرئاوای توشی ترس و دڵەڕاوکێ کرد، هەرچەندە ئامادەی دروستبوونی قەیرانێکی لەو چەشنە نەبوو.

عەرەبستانی سعودیە دوای چوار دەیە بەگشتی نزیکەی (900) ملیار دۆلاری پاشەکەوت کردو بۆ دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان گۆڕا، لە بەریتانیاش بەکارهێنانی وزە لە ئەنجامی زیادبوونی وەبەرهێنانی وزەدا دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئێستا زۆرێـك لـە وڵاتـانـی تـر نـەوت بەرهەمدەهێنن، لەکاتێکدا نەوت دەتوانێت جێی سوتەمەنییەکانی تری وەك گازی سروشتی بگرێتەوە کە ئۆپێك پێی جڵەوگیر ناکرێت، ئۆپێك دیسپلین و توانای رابردووی بۆ زاڵبون بەسەر بازاڕدا نەماوەو ئێمەی بەریتانی یەکێك لە ئەسڵترین براوەی ئەم بارودۆخەین بە سود

پاپۆرێکی گوێزەرەوەی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان

وەرگرتن لە بارودۆخی دابەزینی نرخی سوتەمەنی ئۆتۆمبێلەکانمان پڕکردووەو پیشەسازییەکانمان بەتوانا دەکەین، بەرپرسانی ئۆپێك لە کۆبونەوەی مانگی تشرینی دووەمی (2014)دا لە شاری وین روبەڕووی هەڵبژاردنی چارەنووسساز بوونەوە، ئەو ڕێکخراوە کە (40%)ی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهانی بەدەستەوەیە، دەبوو بە دابەزینی نرخی نەوت هەنگاو بنێن بۆ گێڕانەوەی نرخ بۆ ئاستی پێشوی، واتا گەیاندنی نرخی بەرمیلێك بۆ نزیکەی (100) دۆلار، کە ئەوە نرخێکە زۆربەی ئەندامانی ئۆپێك بۆ هاوسەنگی بودجەکەیان پێویستییان پێیەتی، یان ڕێبدات دۆخی ئێستا بەردەوام بێت، (12) وڵاتی ئەندامی ئۆپێك لەوانە عەرەبستانی سعودیە، ئێران، عیراق، کوەیت، ڤێنزوێلاو نیجیریا بڕیاریاندا هیچ نەکەن و سەلماندیان کە توانای ئەم دامەزراوەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوە دابەزیوە، لە ئاکامی ئە دانیشتنەی بەرپرسانی ئۆپیکدا نرخی نەوت زیاتر دابەزی، هۆکارەکە ئەوە کە لێکدڕی و ناکۆکی چەند وڵاتێکی ئەندام بە بیانووی جیاجیا، کێشەیەکی سەرەکی ئۆپێکە.

داهاتوو چ دەبێت؟

هەواڵی خۆش ئەوەیە کە هەرچەندە دابەزینی نـرخ بەرهەمهێنەرانی نەوتیان خستوەتە ژێر گوشارەوە، بەڵام بارودۆخەکە بۆ بەرکابەرانی نەوت جـیـاوازە، دابەزینی نرخی نـەوت بۆ (40) دۆلار وادەکات (3.1) ترلیۆن دۆلار لە ساڵێکدا لە گیرفانی بەرهەمهێنەرانەوە بگەڕێتەوە گیرفانی بەکاربەرانەوە، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لەو باوەڕەدان ڕەنگە نرخی بەنزین لەم وڵاتەدا بگاتە خوار یەك پاوەند بۆ هەر لیترێك، نرخێك کە لە (2009)ـەوە تائێستا نموونەی نەبووە، ئەمە وادەکات ملیۆنان پاوەند لە گیرفانی گەشتیاران پاشەکەوت بکرێت، دیـارە نابێت ئەو پارەیە بۆ خۆشگوزەرانی خەرج بکەن، لەلایەکی ترەوە بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان پشتی بەچەند وڵاتێکی ناجێگیرو لاواز بەستووە، عیراق ڕۆژانە (3.2) ملیۆن بەرمیل و لیبیاش (1) ملیۆن بەرمیل بەرهەمدەهێنن کە دەکاتە نزیکەی نیوەی کۆی نەوتی بەرهەمهێنراوی ئەمریکا، بەڵام هەردوو وڵات ئەوەندە لە ڕۆخی هەڵدێران دوور نین، ئێستا لیبیا وڵاتێکی کارامە نییەو بوەتە قوربانی شەڕی خوێناوی هێزەکانی حکومییەکان و ملیشیا دەمارگیرەکان، عیراقیش لەگەڵ میلیشیا توندڕەوەکانی گروپی داعش گیرۆدە بووە.

وێـنـای گشتی پیشانی دەدات کـە جیهان لەگۆڕاندایە، هەندێك لە وڵاتان بەتایبەتی روسیا روبـەڕووی بارودۆخێکی ناهەموار بووەتەوە کە وابەستە بە سەرچاوە سروشتییەکانی خۆیەتی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمانە چارەنوسی خۆیان قبوڵ کردووە، گەرچی نرخی زێڕی ڕەش ئاڵۆزی و پشێوی تووندوتیژانەی لێدەکەوێتەوە کە ئێمەی خستوەتە شەڕەوەو جیهان ڕادەچڵەکێنێت؟.

سەرچاوە:

(ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانی
http://www.economist.com

ڕێکخراوی ئۆپێک
OPEC

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ب. لیڤا
IDEA DIPLOMATIC

پێکهاتە، ئامانج، ئایندەو توانای بەرگەگرتنی

رێکخراوی ولاتانی هەناردەکردنی نەوت، ئۆپێك (OPEC)، کارتلێکی نەوتی (کارتل ئەو کۆمپانیایانەن چالاکییەکانیان تەرخانە بۆ بەشێکی تایبەتی و بە پاراستنی سەربەخۆیی دارایی و مافەکانی خۆیان یەکدەگرن و لەسەر دابەشکردنی بازاڕو قەوارەی بەرهەمهێنان و نرخی کالاّ، رێکدەکەون)، پێکهاتووە لە ولاّتانی جەزائیر، عیراق، کوەیت، لیبیا، نایجریا، قەتەر، سعودیە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، ئیکوادۆر، ئەنگۆلاو ڤەنزویللا

بارەگای نێودەوڵەتی ئۆپێك لە بەرایی دامەزراندنەوەیە لە ساڵی 1960 لە ژنێڤ بووەو لە ساڵی 1965 بۆ شاری ویندەری ولاّتی نەمسا گوازرایەوە، لە 12ی سێپتەمبەری 1960 ولاّتانی هەناردەکردنی بەئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان رەزامەند بوون لەسەر دامەزراندنی رێکخراوێك کە ناونرا (ئۆپێك)، ئەم رەزامەندییە بەرەنجامی دیالۆگی نوێنەرانی ئەم ولاّتانە بوو لە بەغدا.

ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی ئۆپێك:

ئامانجی سەرەکی ئەم رێکخراوە هەروەك لە پەیڕەوەکەیدا هاتووە: «هەماهەنگی و هاوئاهەنگ کردنی سیاسەتەکانی نەوتی ولاّتانی ئەندام و دیاریکردنی باشترین رێگا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی کۆ یان تاك، یان، پلانی شێوەکان بۆ زامنکردنی سەقامگیری نرخی نەوت لە بازاڕی نەوتی نێودەوڵەتی بەمەبەستی نەهێشتنی هەڵبەزو دابەزینی زیانبەخش و ناپێویست» بایەخدان و سەرنجی تایبەتی بە ولاّتانی بەرهەمهێنەری نەوت و ئاوڕدانەوەی تایبەتی زەرورەتی ئامادەکردنی داهاتی نەگۆڕ بۆ ولاّتانی بەرهەمهێنەری نەوت «دابینکردنی نەوتی ولاّتانی بەکاربەر بە شێوەیەکی شیاو، نزیك بە قازانج و هەمیشەیی» بەرهەمی گونجاو و بە ویژدانانە بۆ ئەوانەی کە لە پیشەسازی نەوت سەرمایەگوزاری دەکەن.

زۆربونی ولاّتانی هەناردەکردنی نەوتی دەرەوەی ئەم رێکخراوە لە دەیەکانی ئەم دواییە روو لە زیادبوون بووەو ئۆپێك ناچارە بۆ پاراستنی نرخی نەوتی خاو لەگەڵیان بسازێت، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی هەندێك لە ولاّتانی ئەندامی ئۆپێك پەیوەندی دەرەکی تریان هەیەو هاوڕای ئەندامانی ئەم رێکخراوە نین، ئەم رێکخراوە بە ئاقاری داکۆکی لە سیاسەتی وەبەرهێنانی کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی ناسراو بە (حەوت خوشکان) کە بە بەڵگەی هەبوونی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی نەوت و بەڵادەست بەسەر تۆڕی

رێکخراوی ولاّتانی هەناردە کردنی نەوت (ئۆپێك) Organization of the Petroleum Exporting Countries	
لۆگۆی ئۆپێك	
دامەزراندن	١٩٦٠
جۆری	کۆمپانیا (کارتل)ی نێودەوڵەتی
بارەگای	ژنێڤ (١٩٦٥ – ١٩٦٠) – نەمسا – ڤیەننا تائێستا – ١٩٦٥
ژمارەی ئەندامەکانی	١٢ ئەندام
زمانی ڕەسمی	ئینگلیزی
پێگە	(١)

بەریان بە زیادبوونی نرخی نەوت دەگرت و بەهاکەیان بە شێوەیەکی دەستکرد لە بازاڕ لە خوارەوە دەهێشتەوە.

چۆنیەتی دامەزراندنی ئۆپێك

ڤەنزویللا یەکەم وڵات بوو کە بە نزیکبونەوە لە ئێران، عیراق، کوەیت و سعودیە لە ساڵی 1949 و پێشنیاری ئاڵوگۆڕی بیروڕای نێوان ئەم وڵاتانە لەسەر نەوت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەی نەوت (ئۆپێك) هەنگاوی نا.

لە سێپتەمبەری 1960 حکومەتی عیراق وڵاتانی ئێران، کوەیت، سعودیەو ڤەنزویللای بانگهێشتی بەغدا کرد بۆ گفتوگۆ لەسەر دابەزاندنی نرخی خاوی بەرهەمهێنراوی وڵاتانی بانگهێشتکراو، لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە، ئۆپێك بەئامانجی هاوڕاکردنی سیاسەتەکانی چاودێر بەسەر نەوتی وڵاتانی ئەندام دامـەزرا، ئێران، عیراق، کوەیت، سعودیەو ڤەنزویللا ئەندامی سەرەتایی ئۆپێك بوون، ئەم ڕێکخراوە لە نێوان ساڵەکانی 1960 تا 1975 گەشەیکردو قەتەر (1961)، ئەندۆنیزیا (1962)، لیبیا (1962)، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (1967)، جەزائیر (1969) و نەیجیریا (1971)، چونەپاڵ کۆمەڵی وڵاتانی ئۆپێك.

ئۆپێك لە دەیـەی بـەرایـی تەمەنی خـۆی هەوڵی بەردەوامی مانەوەو لە دەیەی دووەمی کاریگەربوونی لەسەر بازاڕی نەوت و گەڕاندنەوەی مافەکانی وڵاتانی بەرهەمهێنەر هەبوو، ئێستا ئۆپێك بەهۆی هاوڕابوونی ئەندامەکانی، توانیویەتی کاریگەری ئەرێنی بە ئاڕاستەی بەرگرتن لە ڕووخانی لەنەکاو و هەروەها زیادبوونی نرخی نەوت هەبێت.

وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك

لە ئێستادا دوازدە وڵات ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن، ناو و بوونە ئەندامی ئەم وڵاتانە بریتییە لە:

- ئەندامێتی ڤەنزویللا لە ئێستادا بووەتە جێی پێداچوونەوەو چاوپێداخشاندنەوە، چونکە ئەم ڕێکخراوە لەمەودوا ئەندۆنیزیا وەك یەکێك لە هەناردە کردەکانی نەوت لەبەرچاو ناگرێت.
- بارەگای نێودەوڵەتی ئۆپێك لە وڵاتی نەمسایە.

زمانی فەرمی ئۆپێك:

زمانی ڕەسمی ئۆپێك ئینگلیزییە، ئەگەرچی زمانی ڕەسمی زۆربەی وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە عەرەبیەو تەنها لە نەیجیریا ئینگلیزی زمانی ڕەسمییە، حەوت ئەندامی کارای ئۆپێك وڵاتانی عەرەبین، زمانی ڕەسمی ئەنگۆلا پرتوگالی و زمان ڕەسمی ئێران فارسییە.

مافی ئەندامێتی لە ئۆپێك ساڵانە 5 ملیۆن دۆلارەو تەنها وڵاتانی هەناردە کردنی نەوت دەتوانن ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بن.

ئابوری نەوت:

وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك نزیکەی 3\2ی یەدەگی نەوتی جیهانیان هەیە، لە ساڵی 2005 ئۆپێك 41%ی نەوتی جیهانی بەرهەمهێناوە، لەکاتێکدا وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری و گەشەپێدان تەنها 23,8% و

هێڵکاری وڵاتانی کارا لە بازرگانی نەوت

ئێران (سێپتەمبەری ١٩٦٠)
عێراق (سێپتەمبەری ١٩٦٠)
سعودیە (سێپتەمبەری ١٩٦٠)
کوەیت (سێپتەمبەری ١٩٦٠)
ڤەنزویللا (سێپتەمبەری ١٩٦٠)
قەتەر (دیسەمبەری١٩٦١)
لیبیا (دیسەمبەری ١٩٦٢)
ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی (نۆڤەمبەر ١٩٦٧)
جەزائیر (تەممووزی ١٩٦٩)
نەیجیریا (تەممووزی ١٩٧١)
ئەنگۆلا (سێپتەمبەری ٢٠٠٦)
ئیکوادۆر (٢٠٠٦)

ئەندامانی پێشو

گابۆن (ئەندامی کارا لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٩٥)
ئەندۆنیسیا (ئەندامی کارا لە ساڵی ١٩٦٢ تا ٢٠٠٩)

یەکیەتی سۆڤیەتی پێشو 14,8%ی لە بەرهەمهێنانی نەوتی جیهانیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە.

چونکە فرۆشتنی نــەوت لــە جیهان بــە دۆلاری ئەمریکییە، گۆڕانی بەهای دۆلار لە بەرامبەر پارەکانی تری جیهان، کاریگەری بەسەر بڕیاری ئۆپێك بەتایبەتی رادەی بەرهەمهێنانی نەوتەوە دەبێت، بۆ نموونە، کاتێك دۆلار لە پێوانە بە پارەکانی تر ڕێژەیی دادەبەزێت، داهاتەکانی بەرهەمی نەوتی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك لە بەرامبەر پارەکانی تر دادەبەزێت و لە ئەنجامدا توانای کڕینیان تا ئاستی خەمخواردن دێتەخوار، چونکە هەروا نەوتی خۆیان بە دۆلار دەفرۆشن، دوای خستنەڕوی یۆرۆ، عیراق رایگەیاند دەیەوێت نەوتەکەی لەجیاتی دۆلاری ئەمریکی، بە یۆرۆ بفرۆشێت کە وایکرد ئۆپێك بە پارەی فرۆشتنی نەوتدا بچێتەوە کەوتە بیری جێگرتنەوەی یۆرۆ لەبری دۆلار، هەندێك لەو باوەڕەدان کە ئەم بڕیارەی عیراق هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی شەڕی عیراق و ئێران لە داهاتوو بووە، ئەگەر ئۆپێك فرۆشتنی نەوتی بە یۆرۆ دەگۆڕی، خەسارەیەکی توند لە ئابووری ئەمریکا دەدات.

ئەو بڕیارانەی ئۆپێك دەیاندا کاریگەری زۆری لەسەر نرخی نەوت لە جیهان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەری ئۆپێك لەسەر ئابووری نەوت هەمیشە سەقامگیر نەبووە، گەشەکردنی نائاسایی مەیدانەکانی نەوتی کەنداوی مەکزیك، دەریای باکور کە دابەزاندنی پشکی ئۆپێك لە بەرهەمهێنانی جیهانی لێکەوتووەتەوەو ناسەقامگیری ڕۆژانەی بازاڕ بووەتە هۆی زۆر دابەزینی توانای ئۆپیك بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت لە پێوانە بە سەردەمی زێڕینی، بەم حاڵە هیشتا ئۆپێك کاریگەری لەسەر نرخی نەوت زۆرە، زۆرتر وەك نمونەی کارتلێك باسی ئەم ڕێکخراوە دەکرێت، بۆ نموونە، لە سەردەمی قەیرانی وزە 1972 ئۆپێك خۆی بەدوور گرت لە ناردنی نەوت بۆ ئەو وڵاتە خۆراوایانەی کە لە شەڕی ئۆکتۆبەر، پشتگیری ئیسرائیلیان دەکرد، لەو شەڕەدا، وڵاتانی خۆراوا بە پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل دژی میصرو سوریا چوونە شەڕەوە، خۆ بەدورگرتنی ئۆپێك لە

بارەگای ڕێکخراوی ئۆپیک لە نەمسا

ناردنی نەوت بۆ وڵاتانی خۆرئاوا بووە هۆی زیادکردنی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بۆ چوار هێندە، ئەم بەرزبونەوەی نرخ کە بۆ ماوەی 5 مانگ بەردەوامبوو، لە 17ی ئۆکتۆبەری 1973 دەستپێکردو لە 18ی مارسی 1974 کۆتایی هات، پاشان وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك لە 7ی کانونی دووەمی 1975 پێکەوە ڕێککەوتن و نرخی نەوتی خاویان 10% زیادکرد، ئەوکاتە، وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك، لەوانە ئەو وڵاتانەی کە پێشتر پیشەسازی نەوتی خۆیان خۆمالّی کردبوو، بە ڕێککەوتن خوازیاری هاتنەئارای سیستمی نوێی ئابوری جیهان، بوونە هاوپەیمانی وڵاتانی سەرەکی بەرهەمهێنەری نەوت، ئەو وڵاتانە توانیان یەکەم دانیشتنی ئۆپێك لە جەزائیر سازبدەن، خوازیاری نرخی نەگۆڕو دادپەروەرانە بۆ کالّا، بەرنامەیەکی نێودەوڵەتی خۆراك و کشتوکاڵ، گواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە باکورەوە بۆ باشورو بە دیموکراسی کردنی سیستمی ئابوری بوون.

سیاسەتی ڕەچاوکردنی بەکەڵك و کاریگەر گیرایەبەرو تا ئاستێك نرخی نەوتی خاوی بەرزکردەوە کە پێشتر تەنها جارێك نرخی بەرهەمە پاڵاوراوەکان گەیشتبووە ئەو ئاستە، لەگەڵ ئەوەشدا، توانای ئۆپێك بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت چوارچێوەشی هەیە، زیادبوونی نرخی نەوت دەبێتە هۆی دابەزاندنی خەرج و لەئەنجامدا داهاتی نەختینەی ڕێکخراوەکە دادەبەزێت، سەرەڕای، زیادبوونی لەڕادەبەدەری نرخی نەوت دەتوانێت مەیدان بۆ هەوڵی گۆڕینی شێوازمەند لە ڕەفتاری وڵاتان بڕەخسێنێت، لەوانە کەڵك وەرگرتن لە وزەی جێگرەوە یان مانەوەی وزە لە جاران زیاتر.

سەدام حسێن سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی عیراق، پشتگیری بەرزکردنەوەی نرخی نەوتی ئۆپێکی کرد، زیادکردنی نرخی نەوت هاوکاری عیراق و وڵاتانی تری ئەندامی ئۆپێکی کرد قازانجی قەرزەکانیان بدەن، بەرزبونەوەی نرخی نەوت شەڕی کەنداوی فارسی ساڵەکانی 1990 و 1991ی لێکەوتەوە، بەڵام جیایی و دووەستەیی نێوان وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك لەگەڵ شەڕی ئێران و عیراق دیاریکران و پەلامارەکەی عیراق بۆ سەر کوەیت وایکرد هاوپێوەندی نێوان ئەو وڵاتانە بە کەمترین ئاستی خۆی بگات، ترس و دڵەڕاوکێی بڕینی خستنەڕوو و دابینکردنی نەوت نەماو نرخی نەوت زۆر بەخێرایی بەرەو دابەزین چوو، کە سەرچاوەی لەو گرفتاریانە گرتبوو.

هەرچەندە عیراق هەروەك بە ئەندامێکی ئۆپێك دادەنرێت، بەڵام بەرهەمهێنانی نەوتی ئەم وڵاتە لە مارسی 1998 بەشێك نەبوو لە پشکی ڕێککەوتنی ئۆپێك، خەملاندنەکان دەریدەخەن یازدە ئەندامی کارای ئۆپێك نزیکەی 40%ی نەوتی جیهان بەرهەمدەهێنن و سنوری 3\2ی (65%)ی یەدەکی نەوتی ناسراوی جیهانیان لەبەردەستە، لەکاتێکدا وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری گەشەپێدان تەنها 8,23% و یەکیەتی سۆڤیەتی پێشو 8,14%ی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهانیان بۆ خۆیان تەرخانکردووە.

لە سەردەمی قەیرانی وزە 1972 ئۆپێك خۆی بەدوور گرت لە ناردنی نەوت بۆ ئەو وڵاتە خۆراوایانەی کە لە شەڕی ئۆکتۆبەر، پشتگیری ئیسرائیلیان دەکرد، لەو شەڕەدا، وڵاتانی خۆراوا بە پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل دژی میصرو سوریا چوونە شەڕەوە

دوای ئەوەی نرخی نەوت تا ئاستی 10 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك دابەزی، لە ساڵی 1988 سیاسەتێکی هاوبەش و کۆدەنگی بەئامانجی گەیاندنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ دۆخی پێشو دەستپێکرد کە ژمارەیەك دەستپێکی ئەم سیاسەتە دەدەنە پاڵ هۆگۆ چافێزی سەرۆك کۆماری ڤەنزویلا، ڤەنزویلا لە ساڵی 2000 بووە خانەخوێی یەکەم دانیشتنی سەرۆکانی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێکی 25 ساڵی ئەم دواییە، ئۆپێك لە ئۆگەستی 2004 ڕایگەیاند کە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە توانای خستنەڕووی زیاد لەپێویستییان نییە، ئەم ڕاگەیاندنە واتا لەمەودوا کارتل توانای کاریگەری بەسەر نەوتی خاو نییە لە بازاڕەکانی جیهان، ئەندۆنیزیا سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بە ئەندامیەتی خۆی لەو ڕێکخراوە، کە بووەتە هاوردەکەرێکی سەرەکی نەوت و ناتوانێت چیتر

لەکاتێکدا تائێستا لایەنگرانی پاراستنی ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێکی ناو ئەم رێکخراوە لە زۆرینە نزیکبوون، بەڵام هەندێك لە ئەندامانی ئەم رێکخراوە پشتگیری بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان دەکەن، ئەندامانی ئۆپێك بە رەتکردنەوەی گوشاری وڵاتانی خۆرئاوا هەرجۆرە زیادکردنێکی بەرهەمهێنانی ئۆپێکیان لە ئێستادا بە چاك نەزانیوەو خوازیاری پاراستنی بەرهەمهێنانی ئۆپێك بوون، لە ئاستی ئێستادا، قەنزویلا، جەزائیرو لیبیا دژی هەرجۆرە زیادکردنێکی بەرهەمهێنان بوون، بەڵام سعودیە خوازیاربوو بەرهەمهێنانی ئۆپێك بۆ رادەی 500 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

ئۆپێك لە ساڵی 2007 رایگەیاند کە لە 2007/11/1 بەرهەمهێنانی خۆی بۆ رادەی 500 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد دەکات، زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بە بەڵگەی بەگژداچونەوەی شوێنەواری نەرێنی نرخی 77 دۆلاری نەوت بەسەر ئابوری جیهانی و دابەزینی یەدەکی جیهانی وەرگیراو یەکەم 500 هـەزار بەرمیل خرایە سەر بەرهەمهێنانی راستەقینەی وڵاتانی ئەندام، بەمشێوەیە بەرهەمهێنانی راستەقینەی 10 وڵات جگە لە عیراق و ئەنگۆلا لە رۆژی 2007/11/1 گەیشتە 2/27 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بەڵام سـەرەڕای راگەیاندنی زیادکردنی بەرهەمهێنانی ئۆپێك بەهای بەرمیلێك نەوتی خاو بۆ یەکەمجار لە سنوری 81 دۆلار پەڕییەوە، هاوکات بە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش (گروپی 1 + 5) بۆ تاووتوێکردنی بارودۆخی ئێران، نرخی نەوت لە بازاڕەکانی ئەمریکا بە زیادکردنی دوو و نیو لە سەدا گەیشتە 84 بۆ هەر بەرمیلێك، لە بەرەبەری وەرزی سەرما، بەهای نەوت لە بازاڕەکانی جیهانی بە وەستانی بێ وێنەی 93 دۆلاری گەیشت، بازاڕەکانی جیهانی خۆیان بۆ زیادکردنی بەهای نەوت بە رادەی 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك ئامادەکردووە، لە دواڕۆژی ساڵی 2007ی زایینی نرخی هەر بەرمیلێك نەوت گەیشتە 96 دۆلاری ئەمریکی، لەکاتێکدا لە سەرەتای ساڵی 2007ی زایینی نرخی هەر بەرمیلێك نەوت نزیکەی 60 دۆلاری ئەمریکا بوو.

بەمشێوەیە نرخی نەوت لە ساڵی 2007 بە زیادکردنی پازدە لە سەدا، زۆرترین زیادکردنی نرخی لە دەیەیەکی رابـردوو هەبووە، گرژیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دابەزینی دۆلاری ئەمریکی و کەمبونەوەی گونجانی توانای کاری پاڵاوتەکان هۆکاری کاریگەر بووە لەم زیادکردنە، زیادبوونی نرخی نەوت کاریگەری بە سەر توانای کڕینی بەکاربەران لە زۆربەی وڵاتان هەستپێکراوە، نرخی بەرهەمە نەوتیەکان روبەڕووی زیادکردنی تا رادەیەك بەرچاوی ساڵی 2008ی زایینی بووەوە، توانای نەوت لە بەرایی هاوینی 2008 بە ژمارەیەکی بێ وێنەی 148 دۆلار گەیشت، بەڵام لە چلەی هاوینی 2008 بە ئاشکرابوونی قەیرانی دارایی 2007 - 2009 ئابوری جیهانی، نرخی نەوت رەوتی دابەزینی گرتەبەرو گەیشتە خوار 4 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك!

رادەی داهاتە نەوتیەکان روبەرووِی زیادکردنی نزیکەی بەرچاوی ساڵی 2010ی زایینی بووەوە، نرخی نەوت لە بەرایی ساڵی 2011 سەرلەنوێ گەیشتە 120 دۆلار.

لەئەنجامی بەردەوامی شەڕی عەرەب - ئیسرائیل، سەرەنجام ئۆپێك لە کارتلێکی بەکاربەر بووە هێزێکی سیاسی گەورە

گۆڕانی ئۆپێك لە کارتلەوە بۆ هێزێکی سیاسی

لە ئەنجامی بەردەوامی شەڕی عەرەب - ئیسرائیل، سەرەنجام ئۆپێك لە کارتلێکی بەکاربەر بۆ هێزێکی سیاسی گـەورە گـۆڕا، دوای شەڕی شەش رۆژەی ساڵی 1967، ئەندامانی عەرەبی ئۆپێك، گروپێکی سەربەخۆ و رێکپۆشییان بـەنـاوی رێکخراوی وڵاتـانـی عەرەبی بەرهەمهێنەری نەوت، دامەزراند.

ئامانجی ئەم وڵاتانە لەم هەنگاوە، سانترالیزە کردنی سیاسەتی پەیوەست و گوشارکردن لە وڵاتانی خۆرئاوا، بەهۆی پشتگیریکردنیان لە ئیسرائیل، میسرو سوریاش ئەگەرچی لەڕیزی سەرەکی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت نەبوون، چوونە پاڵ عەرەبەکان تا هاوکاریان بکەن و ئامانجی خۆیان رابگەیەنن، پاش ماوەیەك شەڕی یام کیپۆر لە ساڵی 1973 رووبداو رای گشتی عەرەبەکانی بزواند، عەرەبەکان لە پشتگیری یەکجێی ئەمریکاو خۆرئاوا لە ئیسرائیل توڕە ببون و بریاریشیاندا ئەمریکاو ئەوروپای خۆرئاوا لە نەوت بێبەش بکەن، کە ببوە هۆی بەرگریکردنی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر هێزەکانی سوریاو میسر، شەڕی

عەرەب و ئیسرائیل زادەی قەیرانێکی تریش بوو، سەرەنجام نەوتیان لە وڵاتانی خۆراوا دوورخستەوە، بۆیە خۆرئاوا 5%ی وزەی لەدەستدابوو، لەلایەك نەیدەتوانی نەوت بە هەرزان بکڕێت و لەلایەکی تر نەیدەتوانی کاڵاکانی خۆی بە وڵاتانی جیهانی سێی بەرهەمهێنەری نەوت بفرۆشێت، کە بەهۆی هەڵاوسانەوە نرخەکەیان بەرز ببوەوە، محەمەد رەزا پەهلەوی شای ئەوکاتەی ئێران کە وڵاتەکەی بە دووەم بەرهەمهێنەری گەورەی نەوت لە جیهان دادەنرێت و ئەوکاتە نزیکترین هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر جەختی لەم خاڵە کردەوەو زۆر هەوڵیدا ئەو قەیرانە بە قازانجی وڵاتانی خۆرئاوا بڕەوێنێتەوە.

ئێران و سەرۆکایەتی کردنی ئۆپێك لە ساڵی 2011

سەرۆکایەتی کردنی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکردنی نەوت بەپێی پێتەکانی ئەلف با دیاریدەکرێت، لە 157ـەمینی دانیشتنی ئۆپێك بە دەنگی 12 ئەندام، سەرۆکایەتی ئەم ڕێکخراوە نەوتییە دوای 36 ساڵ جارێکی تر درا بە ئێران و وەزیری نەوتی کۆماری ئیسلامی بوو بە سەرۆکی، دیارە پەیوەندییە گشتییەکانی ئۆپێك رایگەیاندووە ئێران تەنها وەك سەرۆکی ئۆپێك هەڵبژێردراوە.

پۆستی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ئۆپێك کە بە خولاو و بۆ دوو ساڵ دیاریدەکرێت، تەنها جارێك لە ساڵەکانی بەرایی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە گەیشتووەتە ئێران.

ڕادەی بەرهەمهێنانی وڵاتان لە ڕێکخراوی ئۆپێک

ناوی وڵات	٢٠٠٠	٢٠٠١	٢٠٠٢	٢٠٠٣	٢٠٠٤	٢٠٠٥	٢٠٠٦	٢٠٠٧	٢٠٠٨	٢٠٠٩
سعودیە	٨,٣٦٦	٧,٩٣٣	٧,٥٣٥	٨,٧٠٩	٨,٩٥٧	٩,٣٩٠	٩,١١٢	٨,٦٥٤	٩,١١٣	٨,٠٥٥
ئێران	٣,٦٦٧	٣,٦٧٢	٣,٤١٦	٣,٧٥١	٣,٩٢٠	٣,٩٢٤	٣,٨٤٥	٣,٨٥٥	٣,٨٩٢	٣,٧٢٦
ڤەنزوێلا	٢,٩٤٩	٢,٨٩١	٢,٦١٧	٢,٣١٢	٢,٥٨٢	٢,٦٢٩	٢,٥٣٩	٢,٤٣٨	٢,٤٨٧	٢,٣١١
عێراق	٢,٥٥٠	٢,٣٧٦	٢,٠٠٠	١,٣٢١	٢,٠١٥	١,٨٣٠	١,٩٣٢	٢,٠٨٩	٢,٣٤١	٢,٤٢٥
ئیمارانی عەرەبی	٢,٢٤٨	٢,١٥١	١,٩٨٨	٢,٢٤٣	٢,٣٦٠	٢,٤٤٧	٢,٥٤٠	٢,٥٠٢	٢,٥٠٤	٢,٢٥٦
کوەیت	٢,٠٨٧	٢,٠٢١	١,٨٨٥	٢,١٧٢	٢,٣٤٤	٢,٥٠٤	٢,٥٢٠	٢,٤٦٤	٢,٥٥٤	٢,٢٦٣
نەیجیریا	٢,٠٣٣	٢,٠٩٨	١,٩٦٩	٢,١٣١	٢,٣٥٢	٢,٤١٣	٢,٢٣٥	٢,١٢٥	١,٩٤٧	١,٨١١
لیبیا	١,٤٠٥	١,٣٦١	١,٣١٤	١,٤٢٢	١,٥٣٧	١,٦٤٢	١,٧٠٢	١,٧١٠	١,٧١٨	١,٥٥٧
جەزائیر	٨٠٧	٨٢٧	٨٦٤	١,١٣٤	١,٢٢٨	١,٣٤٩	١,٣٦٤	١,٣٥٨	١,٣٨١	١,٢٧٢
ئەنگۆلا					١,٠١٩	١,٢٤١	١,٣٨٥	١,٦٦٠	١,٨٧١	١,٧٨٦
قەتەر	٦٩٧	٦٨٥	٦٤٩	٧٤٨	٧٧٧	٧٩٥	٨٢١	٨٠٧	٨٤٠	٧٧٦
ئیکوادۆر					٥٢٧	٥٣٢	٥٣٦	٥٠٧	٥٠٣	٤٧٦
	٢٧,٩٨٨	٢٧,٢٣٤	٢٥,٣٥٥	٢٦,٩٧١	٢٩,٠٤٠	٢٩,٨٦٤	٣٠,٥٣٢	٣٠,١٧١	٣١,٢٠٥	٢٨,٧١٤

فوئاد رۆحانی له ساڵی 1961 تا 1964 یەکەم سکرتێری گشتی ئەم رێکخراوە بووەو ئێستا مەسعود میر کازمی وەزیری نەوتی کۆماری ئیسلامی ئێران وەك سەرۆکی نوێی رێکخراوی ئۆپێك دیاریکراوە.

لەم بەشەدا رادەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو هەریەك لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ئەندامی ئۆپێك لە بەرایی سەدەی بیستویەك دەخرێتەڕوو.

ئاسایشی جیهانی:

- خـەڵات: گەڕانی بێوچان بۆ نـەوت، پارەو دەسەڵات، دانیاڵ یۆرگین (1993).
- کۆنفرانسی چاوپێداخشاندنەوەی نەوت و گازی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە لەندەن.
- سیاسەتەکانی هـەرەوەزی بەرهەمهێنەرانی نەوت - (2001).

تەواوبوونی گاز: کۆتایی قۆناغی نەوت (2004).

قەیرانی نەوت - (2004).

هۆکارەکانی دەرکەوتنی رێکخراوی نەوت (ئۆپێك)

Organization» petroleum export countries

دەرکەوتنی «رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکردنی نەوت» (ئۆپێك)، کاردانەوەی وڵاتانی لەگەشەدا بوو لە بەرامبەر سیاسەتەکانی «کۆمپانیای فرەنەتەوەیی» (حەوت خوشکەکانی نەوتی) بەمشێوەیە کە لە ساڵی 1947ی زایینی لە نێوان ئێران و ڤەنزویلا هاوپەیمانیەك لە مەیدانی هەماهەنگی سیاسەتەکانی نەوتی بەسترا، کە دوو وڵاتی بەرچاوی بەرهەمهێنەری نەوت بوون.

لەوکاتەدا ئێرانیش خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵ «کۆمپانیای نەوتی ئێران - ئینگلیز» و گرێبەستە نەوتیەکەی، حکومەتی ڤەنزویلا بە زیادکردنی باج لەسەر چالاکی کۆمپانیا نەوتیەکان، جەنگێکی فـراوان لەگەڵ کارتلەکانی نەوتی دەستپێکردبوو، لە سێپتەمبەری 1947 نوێنەری بۆ ئێران، عیراق، سعودیەو کوەیت رەوانەکرد تا بواری هاوکاری بەرامبەرو هەنگاوی هاوبەش بێتەکایەوە، لەڕاستیدا هەوڵی حکومەتی ڤەنزویلا بە ئاڕاستەی هاندانی وڵاتانی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرامبەر هەنگاوی کۆمپانیاکانی نەوتی بوو، پاشان لە ساڵی 1959 کاتێك کۆمپانیا نەوتییەکان بەهای نەوتیان بە شێوەیەکی یەکلایەنە دابەزاند، پێویستی هاوکاری هاوبەش لە نێوان وڵاتانی نەوتی ئاشکراتر بوو و هەمان ساڵ «کۆنگرەی نەوتی عەرەبەکان» سازدرا، کە نوێنەری وڵاتانی سعودیەو ڤەنزویلا لەم کۆنگرەیەدا دەوری کاریگەریان لە دەرکەوتنی هزری بەرایی ئەم رێکخراوە هەبوو.

لە تشرینی یەکەمی 1960، دوای ئەوەی کۆمپانیاکانی نەوتی جارێکی تر بەهای نەوتیان دابەزاند، حکومەتی عیراق وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی بانگهێشتی کۆبونەوە کرد، «کۆنفرانسی بەغدا» کە لە 10 بۆ 14ی سێپتەمبەر بەسترا، سەرەنجام رێکخراوی هەمیشەیی نەوتی بەناوی «ئۆپێك» لێکەوتەوە، ئەم رێکخراوە لەکاتی دامەزرانییەوە 67% یەدەکی بەهای نەوت، 38% لە تێکڕای بەرهەمهێنانی جیهانی نەوتی و 90% بازاڕی جیهانی نەوتی بەدەستەوەیە:

1. هەنگاوی کارتلە نەوتیەکان لە دابەزاندنی نرخی نەوت.

2. بزوتنەوەکانی بە نیشتمانی کردنی پیشەسازی نـەوت، لە وڵاتانی لە گەشەکردوودا، وەك بزاڤەکانی دژەئیمپریالیزمی نەوت لە دەیەکانی 30ی لە مەکسیك و لە دەیەکانی 40 لە ڤەنزویلا دەستپێکردو وردە وردە چووە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوەو لە دەیەکانی 50 لە ئێران ئەنجامدرا.

3. قەیرانی کەناڵی سوێس لە ساڵی 1977

4. وشیاری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڤەنزویلا بۆ بارودۆخی نەوت و دەوری لە ئابوری ئەم وڵاتانە.

5. ئاڵوگۆڕی گرێبەستەکانی ئیمتیاز، بۆ پەیمان نامەکانی 50 - 5+، بەمشێوەیە، کاتێك کە دەوڵەتی ڤەنزویلا بە پەسەندکردنی یاسای 1943، شێوەی باوی ئیمتیازی نامەکانی تێکداو بەرژەوەندی خۆی تا 50%ی قازانج زیادکرد، کۆمپانیاکان توانایان کەمبووەوەو دەوڵەت هەوڵیدا ئەم دەستکەوتانە بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

پەرەپێبدا، تا بەم هۆیەوە مەیدان بێ وێنەو دامەزرانی لە بەرامبەر هێزەکانی نەوتی بڕەخسێنێت.

6. هاوکاری بەرامبەر لە نێوان وڵاتانی نەوت لە هێنانەئارای گرێبەستی نەوتی.

7. سیاسەتە سەپێنراوەکانی نەوتی ئەمریکاو سۆڤیەت بۆ وڵاتانی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڤەنزویللا، کە هەموو ئەو هۆکارانە بە تەنیشت یەکەوە دەوری کاریگەری لە دەرکەوتنی رێکخراوی ئۆپێك هەبوو لەگەڵ وڵاتانی (ئێران، عیراق ، سعودیە، ڤەنزویللاو کوەیت).

راگەیەنراوی ئامانج و بنەماکانی رێکخراوی ئۆپێك:

راگەیەنراوی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکردنی نەوت، لە دوو بڕیارنامەدا باسیکراوە، کە ئەم دوو بڕیارە لە یەکەم کۆنفرانسی ئۆپێك لە بەغدا لە 14ی سێپتەمبەری 1960 پەسەند کراو نوێنەرانی دامەزرێنەری ئۆپێك (ئێران، عیراق، سعودیە، ڤەنزویللاو کوەیت) ئیمزایان کرد، پاشان کەوتە بەردەست پەسەندکردنی ئەو وڵاتانە، بڕیارنامەی ئەم کۆنفرانسە بەگشتی، ئامانجێکی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێکی لە بەدوادا گەڕانی نەوت شیدەکردەوە.

ئامانجەکانی رێکخراوی ئۆپێك:-

1. بەدیهێنانی هەماهەنگی و یەکگرتوویی لە رێبازی وڵاتانی ئەندام و دیاریکردنی باشترین شێوەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی تاك و کۆی.

2. رێبازەکان و هۆکارەکانی دابینکردنی نەگۆڕی نرخەکان لە بازاڕەکانی نێودەوڵەتی نەوت بەدوور روانی سڕینەوەی بەرزو نزمی زیانبەخش و ناپێویست.

3. بەرژەوەندی میللەتانی بەرهەمهێنەر و پێویستی زامنکردنی داهاتی نەگۆڕ بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەر.

4. خستنەڕوی وەك پێویستی ئابوری و رێکوپێکی نەوت بۆ میللەتانی بەکاربەرو قەرزێکی بە ویژدانانە بۆ سەرمایەی ئەوانەی کە سەرمایەگوزاری لە پیشەسازی نەوتدا دەکەن.

بنەماکانی رێکخراوی ئۆپێك:

رێکخراوی ئۆپێك بەگشتی لە سێ بەشی سەرەکی، کۆنگرە، کۆمسیۆنی بەڕێوەبەرو نوسینگە پێکهاتووە.

1. کۆنفرانس: باڵاترین پێگەی ئەم رێکخراوەیەو نوێنەرانی وڵاتان ئەندامی کۆنفرانسن، ئەگەر هەر وڵاتێك چەند نوێنەرێکی ئۆپێك هەبێت، نێرەرێك بەناوی سەرۆکی گروپەکە هەڵدەبژێردرێت، هەر وڵاتـەو نوێنەرەکەی تەنها دەنگێکی دەبێت، ئەو وڵاتانەی ئەندامیش نین دەتوانن وەك چاودێر بەشداری کۆنفرانس بکەن و بڕیاری کۆنفرانس لانی زۆر 30ی رۆژ دوای پەسەند کردن جێبەجێ دەکرێت مەگەر ئەندامەکان مێژووی جێبەجێ کردنی بۆ دیاری بکەن، دیاریکردنی سیاسەتی تێکڕایی و رێنمایی جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتانە، تاووتوێکردنی داوای بوونە ئەندامێتی، دانانی سەرۆکی گشتی، جێگری سکرتێری گشتی و ژمێریارو لێپرسینەوەیان، بەشێکی گرنگی ئەرکی کۆنفرانس دەبێت.

2. کۆمسیۆنی بەڕێوەبەر: لەو کەسانە پێکدێت کە ئەندامان کاندیدیان کردوون و لە کۆنفرانسدا دەنگیان بۆ دەدرێت و هەر وڵاتێکی ئەندام نوێنەری لە هەموو کۆبونەوەکانی کۆمسیۆنی بەڕێوەبەر دەبێت، بەشێك لە گرنگترین ئەرکەکانی کۆمسیۆن بریتییە لە جێبەجێ کردنی گرێبەستەکانی رێکخراوەکەو بەرنامەکانی کۆنفرانس، بەرنامەڕێژی بودجەی رێکخراوەکە بۆ هەر ساڵێك، لێکۆڵینەوەو پەسەندکردنی راپۆرتی نێردراو لەلایەن سکرتێری گشتی، لێکۆڵینەوە لە دانانی سەرۆکی بەشە جیاجیاکان و هەندێك ئەرکی تر دەبێت.

3. نوسینگە: بەڵێندەری ئەنجامدانی کارەکانی راپەڕاندنی رێکخراوەکە بەپێی یاسا پەسەند کراوەکانەو نوسینگە لە سکرتێری گشتی، یـاریـدەدەرەکـەی و کارمەندەکانی پێکهاتووەو ناوەندەکەی لە «وین»ە.

لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی رێکخراوی ئۆپێك لە ساڵی 1960 تا ساڵەکانی ئەم دواییە

بە روانینێك لە ئەنجام و هەنگاوی رێکخراوی ئۆپێك لە ماوەی چوار دەیەو نیوی رابردوو، دەکرێت

بوترێت ئەم رێکخراوە لە هەرێمی لەم بەشانە سەرنج بە هەلومەرجی ناوخۆ - دەرەوە جیاواز لە قۆناغەکانی تر کاری کـردووە، کە کاریگەری لە سەر هەنگاوی ئەم رێکخراوە لەم قۆناغانەدا هەبووە، لە خوارەوە لە ئەنجامی ئەم رێکخراوە لە هەرێمی لەم دەیانە دەکۆڵینەوە.

ئەلف: ئەنجامی ئۆپێك لە ساڵی 1960 تا 1970

کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان لە ساڵانی بەرایی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە چاوەڕێ بوون ئەم رێکخراوە دوای ماوەیەك لە بەرێمی هەڵدەوەشێت، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانی، ژمارەی ئەندامانی ئۆپێك تا کۆتایی 1960 دو بەرابەر زیادیکردو بە چونەپاڵی قەتەر، ئەندۆنیزیا، لیبیا، ئیمارات و جەزائیر ژمارەی ئەندامانی ئۆپێك گەیشتە 10 وڵات، دیارە سەرانسەری ئەم قۆناغە

کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان لە ساڵانی بەرایی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە چاوەڕێ بوون ئۆپیك دوای ماوەیەك لە بەرێمی هەڵدەوەشێت، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانی، ژمارەی ئەندامانی تا کۆتایی 1960 دوو بەرابەر زیادیکرد

هەروەك کۆمپانیاکانی نەوتی باڵادەست بوون بەسەر چالاکییەکانی نەوتی وەك: دۆزینەوە، بەرهەمهێنان، هەڵگرتن و گواستنەوە، پاڵاوتن، بازاڕدۆزی، دابەشکردن و فرۆشتنی نەوتی ئەم وڵاتە، بۆیە توانای تەواوی ئەم کۆمپانیایانەو باڵادەستیان بەسەر سیاسەتی بەرهەمهێنان و نرخ دانان لە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك وایکرد کە نرخی نەوت لەم دەیەیە وەك رابردوو هەرزان بێت.

بەمەش، بە سەرنجدان بە ئامانجەکانی رێکخراوی ئۆپێك کە لەسەر بنەمای هەماهەنگی و یەکگرتن لە رێبازی بەرهەمهێنان، میتۆدی گونجاو بۆ نەگۆڕی بەهای نەوت و چاودێری جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی ئەندامان بوو لەم بەشەی ئەنجامی ئۆپێك، زیاتر لەسەر بنەمای جێگیرکردن و بەرگرتن لە دابەزینی نرخی نەوت بوو، هەماهەنگی و گونجانی پێویست لەناو ئەندامانی ئۆپێکدا نەبوو، وڵاتانی ئەندام بەشێوەی کۆمەڵەیەکی یەکپارچە کارناکەن و هەرێك سیاسیەتی تایبەتی خۆیان بە کاردەبەن.

«پیەر تزریان» لەم مەیدانەدا باوەڕی وایە کە لە ساڵی 1960 پێنج وڵاتەکەی ئەندامی ئۆپێك 82% لە هەناردەی نەوتی خاویان بۆ خۆیان تەرخان کردبوو، بەڵام بە دوو بەڵگەی بەرچاو ئەم وڵاتانە نەیانتوانیوە سوود لەو دەرفەتە وەربگرن:

1. زێدەبایی خستنەڕووی نەوتی خاو سەبارەت بە داوا لە بازاڕەکانی جیهان.
2. لێکدژی بەرژەوەندی پێنج وڵاتەکە کە هەندێکیان خوازیاری زیادکردنی بەرهەمهێنان و هەندێکی تر خوازیاری کەمکردنەوەی بوون.

ب: ئەنجامی ئۆپێك لە ساڵی 1971 تا 1980

بـە دەسپێکردنی دەیـەکـانـی 1970 وڵاتـانـی هەناردەکردنی نەوت، بە ئەزمونی10 ساڵەی خۆیان وردە وردە زانیاری زیاتریان دەربارەی بەرژەوەندی نیشتمانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی پەیدا کردو هەوڵیاندا بەشداری زیاتر لە بەهرەمەند بوون لە بەرژەوەندی نەوتی خۆیان هەبێت، کە ئەم کارە بە «نیشتمانی کردنی پیشە سازی نەوت» لە جەزائیر، ئێران، لیبیاو عیراقی لێکەوتەوە، لەڕاستیدا دەبێت ئەم بەشە بە قۆناغی زێڕینی ئۆپێك بزانرێت، چونکە لەم دەیە بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ئابووری و سیاسی تایبەتی، ئەندامانی ئۆپێك توانیان کۆنترۆڵ، بەرهەمهێنان و نرخ دانان جڵەو بکەن.

گرنگترین هەنگاوی رێکخراوی ئۆپێك لەم دەیەیە دیاریکردنی نرخی نەوت بوو لەناو ئەندامانی، بە شێوەیەك کە بەهای نەوتی خاو، لە ماوەی ساڵەکانی 1973 - 1970 بۆ 5/11 دۆلار، دیسەمبەری هەمان ساڵ بۆ 10/84 دۆلارو سێپتەمبەری 1975 بۆ 11/45 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك زیادیکرد.

لەم دەیەیە دوو هۆکار رۆڵـی زۆر گرنگیان لە



کارکردن لە بیرێکی نەوت لە عێراق

1. قەیرانی سیاسی شــەڕی عــەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی 1973 کە ئەم رووداوە، دەوری نەوتی وەک ئامرازێك و حەربەی سیاسی بەتەواوی ئاشکرا کرد.

2. سەرکەوتنی «شــۆڕشــی ئیسلامی» لە ئێران ساڵی 1979، لەڕاستیدا سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و رووخانی سیستمی پاشایەتی وەکــو سیستمێکی هۆگری خۆرئاواو جیهانی پیشەسازی، توانای شۆڕش لە ناوچەکە بە دەستەواژەی هەناردەی شۆڕش و لەبەریەك هەڵوەشاندنی سیستمی دوو ستونی ئێران وەك ستونی سەربازی و سعودیە وەك ستونی دارایی و کەمبونەوەی خستنەڕووی نەوت، جمك بە نیگەرانیەکانی پەیوەست بە نەبوونی توانای خستنەڕووی نەوت لە داهاتوو، لەوانە هۆکاری گرنگ لە زیادکردنی نرخی نەوت لەم بەشەدا بوون.

پ: ئەنجامی ڤۆپێك لە ساڵی 1981 تا 1990

گرنگترین ئەو مەسەلانەی ڤۆپێك لەم دەیەیەدا روبەڕوویان بــووەوە بریتیبوون لە زێدەبایی لەسەر خستنەڕوو، پشك بەندی و دابەزینی بەرهەمهێنان، پشکی بەرهەمهێنان لە بازاڕەکانی جیهان، زیادبوونی بەرهەمهێنەران کە ئەندامی ڤۆپێك نین، شەڕ لەسەر نرخ، دواکەوتنی ئەندامان لەو پشکەی بۆیان دیاریکراوە، لەو هۆکارانە بوون کە بووە هۆی ئەوەی رێکخراوی ڤۆپێك کۆنترۆڵی خۆی لەسەر نرخ دانانی نەوت لەدەستبدات.

لە لایەك هۆکارەکانی وەك: دامەزراندنی «ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە»، بەرنامەدانان بۆ پاشەکەوت کردنی نــەوت، جێگرتنەوەی وزە نانەوتیەکان و سیاسەتی گەشەی دۆزینەوەی نەوتی لە دەرەوەی مەیدانەکانی نەوتی لەوانە میکانیزمەکانی وڵاتانی پیشەسازی بە ئاقاری بەگژداچونەوە بوو بە ڤۆپێك، کە لە ساڵی 1981 بــەدواوە لە لاوازکردنی پێگەی ئەم رێکخراوە کاریگەری هەبوو.

بەگشتی، زیادبوونی وڵاتانی دەرەوەی ئەندامی ڤۆپێك لەم دەیەیەدا، ئیدی ئەم رێکخراوە دەسەڵاتێکی زاڵ نەبوو لە مەیدانی جیهانی و بــازاڕی نەوتی لە گچکەبونەوەدا بوو و بونی بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە توانای وڵاتانی ئەندام، نرخی نەوتی دابەزاند، کۆمەڵێك هۆکاری تریش لەم دەیــە بوونە هۆی دابەزاندنی

نرخی نەوت کە بریتیبوون لە: شەڕی ئێران و عیراق لە 1980، ئەگەرچی سەرەتا نرخی نەوتی بەرزکردەوە، بەڵام هۆکارەکانی وەک کەمبونەوەی شەڕو لوتکە گرتنی پەلاماری ئاسمانی هەردوو وڵات بۆ دامەزراوە نەوتییەکان و سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان ئێران، جەزائیرو لیبیاو هاوپەیمانیەتی پارێزکاران بە سەرۆکایەتی سعودیە، زیادبوونی تێچونی هەڵگرتن و گواستنەوەو ناکۆکی ئێران و عەرەبستانی سعودی لە 1988 دوای کوشتنی حاجیە ئێرانیەکان، ناکۆکی ئێران و ئەمریکاو بەهەمانشێوە لیبیاو ئەمریکا لەو هۆکارانەن و نەوتییان دابەزاند لەم دەیەیەدا، وایکرد پێگەی ئۆپێك لە مەیدانی جیهانی بەخێرایی دابەزێت.

پاشەکشەی روسیا لە ساڵی 1991 گرنگترین وەرچەرخان بوو کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئۆپێك داناو بە پاشەکشەی روسیا وڵاتانی نوێ کە سەربەخۆ بوون وەك (روسیا، کازاخستان، تاجیکستان و ئازەربایجان)

ت: ئەنجامی ئۆپێك لە ساڵەکانی 1991 - 2000

ئۆپێك لەم دەیەیەدا روبەڕووی کارەسات و روداو بووەوە کە وایکرد هەنگاوەکانی ئەم رێکخراوە روبەڕووی لاوازی و بەهێزی بێتەوە، کە لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لەو رووداوانە دەکرێت:

1. پاشەکشەی روسیا لە ساڵی 1991 گرنگترین وەرچەرخان بوو کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئۆپێك داناو بە پاشەکشەی روسیا وڵاتانی نوێ کە سەربەخۆ بوون وەك (روسیا، کازاخستان، تاجیکستان و ئازەربایجان) لە بازاڕەکانی جیهانی نەوت وەك رکابەری شێلگیری ئۆپێك دەرکەوتن، بەجۆرێك کە روسیا بە یەدەکی سەلێنراوی نەوت هاوسەنگی 49 ملیار بەرمیلی یەدەکی نەوتی خەملێندراو لە ئاسیای ناوەندی و قەفقاز وەك رکابەری ئۆپێك دەرکەوت.

2. تەکنەلۆژیای نوێ لە دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت، وزەی جێگرەوەو کەمبونەوەی رادەی پشتبەستن بە نەوت، بوونی گازی سروشتی بە بەڵگەی کەڵك وەرگرتن لە بەسەرەوەبونی خوازراو و کاریگەری کەمتری ژینگەو دابەزینی دەوری ماددەی خاو هۆکاری کەمبونەوەی داوای نەوت بووە لەم دەیەیەدا.

3. لە ساڵی 2000یش، کۆبونەوەی سەرانی ئۆپێك لە کاراکاس و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بووە هۆی بەرزبونەوەی داوای جیهانی نەوت و زیادبوونی خێرای نرخی نەوتی جیهانی تا سەقفی 40 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، کە بەدواییدا، وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك لە ساڵی 2000 بۆ یەکەمجار بەدرێژایی ژیانی ئەم رێکخراوە سێ جار هەنگاویان نا نرخی نەوتی خۆیان بەرزبکەنەوە.

سەرەنجام دەکرێت بوترێت رێکخراوی ئۆپێك بە درێژایی ژیانی خۆی لە دامەزرانییەوە، ساڵی1960 تا ساڵەکانی ئەم دواییە لە بەشێك تەواو سەرکەوتوو و کاتێك بە شێوەیەکی ناچالاك کاری کردووە.

بەگشتی ئەم رێکخراوە سێ قۆناغی نەوتی گرنگی تێپەڕاندووە، راتەکانی نەوتی یەکەم لە ساڵی 1973 دوای شەڕی عەرەب ئیسرائیل بوو کە ئەم رێکخراوە بۆ یەکەمجار توانی نرخی نەوتی خاو دیاریبکات و بە 70% زیادکردن بۆ 5/19 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بگەیەنێت و راتەکانی دووەمی نەوتی بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بوو کە بووە هۆی بەرزبونەوەی نرخی نەوت و راتەکانی سێیەمی نەوتی لە ساڵی 1960 کە وڵاتانی پیشەسازی پاشەکەوتی زیاتر لە بەکارهێنانی نەوتییان گرتەبەرو بە جێگرتنەوەی بە سەرچاوەکانی تری وزە لەجیاتی نەوت هەنگاوی کاریگەریان نا، ئەم راتەکاندنە سێیەمەی نەوتی بەپێچەوانەوای دوو راتەکانی یەکەم کە بەرزبونەوەی خێرای نرخی نەوتی بازاڕەکانی جیهانی لێکەوتەوە، بەهۆی خستنەڕووی زۆر نرخی نەوت بەخێرایی دابەزی.

گرنگترین کۆسپەکانی ئۆپێك لەم ساڵانەی دوایی:-

1. وەرچەرخان لە تەکنەلۆژیا: وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك کە یەدەکی نەوت و گازیان زۆرە، زیاتر وڵاتانی لەگەشەدان کە لە هێزی تەکنەلۆژیای بالا کەڵك

باڵادەست بوونی جیهانی پیشەسازی بەسەر پێوەندی نەوتییەوە، بۆیە وەرچەرخانی تەکنەلۆژیا دەتوانێت سەرەڕای دابەزاندنی تێچونی بەرهەمهێنانی نەوت لە روانگەی ناوەندیش کاریگەر بێت.

2. گەشەکردنی گرێبەستەکانی فرەلایەنەو دوولایەنە: رادەی یەکگرتوویی و فراوانی پەیوەندی دوولایەنەیەو فرەلایەنەی نێوان ئەندامان، هۆکارێکی سەرکەوتنی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەبێت، لە نێوان ئەندامانی ئۆپێك چ لە مەیدانی کنوانسیۆنەکانی نێودەوڵەتی ژینگە، ستانداردە نوێیەکان بۆ تەیارکردنی وزە، رێکخراوی بازرگانی جیهانی،... روبەڕووبونەوە بەم کێشەیە رەوت و رێی ئەم مەسەلانە ئاسان دەکات و گەشەی گرێبەستەکانی دوولایەنەو فرەلایەنە دەتوانێت لە داهاتوودا کاریگەری بەسەر مەیدانی نەوتەوە هەبێت و بەرژەوەندی بەرهەمهێنەرانی ئۆپێك بخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

3. بانگەشەی نەرێنی وڵاتانی بەکاربەری نەوت: رێکخراوی ئۆپێك لە سەرەتای دامەزرانییەوە روبەڕووی بانگەشەی نەرێنی وڵاتانی بەکاربەری نەوت بووەتەوە بەردەوام ئەم وڵاتانە وەك «کارتل»ێك و «قۆرخکاری بازاڕی نەوت» و هۆکاری بەرزبونەوەی نرخەکان و ناڕێکی خستنەڕووی نەوت باسی ئۆپێك کراوە، بەردەوام بەوە تۆمەتبار کراوە کە وەك میکانیزمێکی سیاسی کەڵکیان لە نەوت وەرگرتووە، بۆیە ئۆپێك دەبێت هەوڵی شێلگیر بە ئاقاری دابینکردنی پێگەی نەوت، تیوارسازی (شەفافیەت) لە بڕیارەکان و متمانە دروستکردن و وێنەسازی ئەرێنی پیشان بدات.

ئەنجامگیری

پێویستی بوونی دامەزراوەیەکی وەك «ئۆپێکی گازی» بە زیادبوونی وڵاتانی لە گەشەو پیشەسازی لە جیهان و زۆربوونی داوای وزەو نەوت و گاز، لەجاران زیاتر هەست پێدەکرێت، بە سەرنجدان بە سنوردار بوونی ئەم یەدەکە، پێویستی ئۆرگانیزە کردن و بوونی سیستمێکی کارا بە ئاڕاستەی بەرنامەڕێژی بۆ ئەم مەسەلەیە وەك پێویستیەکی سیاسی بۆ وڵاتانی تایبەتی خاوەن یەدەکی نەوتی گرنگ دەبێت و بەو هۆیە کە، ئێران و روسیا زۆرترین یەدەکی گازی سروشتی سەلێنراو لە جیهانیان دەبێت، تەوەریەتی سەرەکی لەم رێکخراوەیاندا لەئەستۆ دەبێت و دامەزراندنی ئەم رێکخراوە سەرباری رەهەندەکانی وزەو ئابوری دەکرێت یەکگرتوویی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لێبکەوێتەوەو وەك جەمسەرێکی ئابوری و سیاسی هەم لە ناوچەکەو هەم لە مەیدانی نێودەوڵەتی بێت.

ئەگەرچی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە، هاوشێوەی دامەزراندنی رێکخراوی ئۆپێکی نەوت، بێگومان روبەڕووی بەرگری خۆراواییەکان و ئەمریکا وەك بەکاربەرانی سەرەکی دەبێتەوە. چونکە دامەزراندن، گەشەو بڵاوبونەوەی یەکگرتووەکانی دەرەنجامی ئەم رێکخراوە لە داهاتوو بۆ رەوتێکی نەتەوەیی لە بەرامبەر خۆراواییەکان و ئەمریکا دەگۆڕێت و بەهەمانشێوە یەکگرتن و رێکخستنی هەنارەکەرانی گاز، خستنەڕووی واقیعی نرخی گاز لە چوارچێوەی ئەم رێکخراوەی لێدەکەوێتەوە.

بەمەش، دەکرێت بوترێت کە هەر کاتێك وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك هاوڕاو یەکگرتوو کاریان کردو یەکگرتوویی خۆیان پاراست، رەچاوی پەیڕەوی رێکخراوەکەیان کردووەو لە گەیشتن بە ئامانجی خۆیان سەرکەوتوو بوون و لەکاتی رەچاونەکردنی ئەم بنەمایانە روبەڕووی دابەزینی نرخی نەوت دەبنەوە، کە لەم ناوەدا دەوری دوو وڵاتی ئێران و سعودیە سەبارەت بە ئەندامەکانی تری ئۆپێك گرنگتر بووە.

سەرچاوەکان:

http://www.shana.ir/136352-fa.html
http://www.pseez.ir/article-fa-6.html
http://hamshahrionline.ir/News/?id=16451
http://www.naftnews.net/view-8306.html

کۆتایی ڕێکخراوی ئۆپیک نزیکە

کەی مەرگی ئۆپیک ڕادەگەیەنرێت؟

وەرگێڕانی: فەرەیدون ئەحمەد
IDEA DIPLOMATIC

لەوەتەی 54 ساڵ لەمەوپێش دامەزرا، تا ئێستا سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتی کردووە لەولاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت لە جیهاندا، بەڵام وردە وردە ئەرکو کاری ئەم ڕێکخراوە بەرەو پووکانەوە دەچێتو پێشبینی ئەوە دەکرێت لەئایندەدا، «مەرگ»ی ئەم ڕێکخراوە ڕابگەیەنێرێت. ئەوە، ڕێکخراوی «ئۆپیك»ـە.

سەرەتای ڕێکخراوەکە

تا ساڵی 1959 حەوت کۆمپانیای نەوتی جیهانیی لەئەمەریکاو ئەوروپادا، دەستیان بەسەر بازاڕی نەوتدا گرتبوو، بەڵام لەو ساڵەدا کۆبوونەوەیەکی سەرەتایی کراو ساڵی دواتر لەبەغدای پایتەختی عێراق کۆنگرەیەك بەسترا سەبارەت بەوەی ئەو کۆمپانیایانە یاریی بەنرخی نەوت دەکەن، ئەوەبوو هەریەك لەسعودییەو ڤەنزویللاو عێراقو کوەیت، بڕیاری دامەزراندنی "ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت" "ئۆپیك"یان دا، کە بەزمانی ئینگلیزیی بریتییە لە(Organization of the Petroleum Exporting Countries) کە کورتکراوەکەی دەبێتە (OPEC).

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی، دوای تێپەڕبوونی (55)ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا، وردتر لەساڵی 1972داو پاشئەوەی ئەمەریکا پشتگیریی ئاشکراو ڕوونی خۆی بۆ ئیسرائیل دەربڕی لەجەنگی ئۆکتۆبەری نێوان عەرەبو ئیسرائیلدا، ڕێکخراوی ئۆپیك بڕیاریدا نەوت بۆ ئەو وڵاتانە نەنێرێت کە پشتگیریی ئیسرائیلیان دەکرد. ئەوەش وایکرد گۆڕانێکی بنەڕەتی لەپەیکەری بازاڕی نەوتی جیهاندا دروست ببێتو دەوڵەتە خاوەن نەوتەکان دەست بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی خۆیاندا بگرنو خۆیان کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی دابمەزرێنن، ئەم پرۆسەیە بەپرۆسەی "خۆماڵیکردنی نەوت" ناونرا، بەوەش بەیەکەم سەرکەوتنی جیهانی سێهەم بەسەر جیهانی یەکەمدا، تۆمار کرا.

ئێستا ڕێکخراوی ئۆپیك لەدوازدە دەوڵەت پێکدێت، لەساڵی 2012دا ڕێژەی بەرهەمی نەوتی ئەم ڕێکخراوە، نزیکەی 44.5%ی کۆی گشتی بەرهەمی نەوتی جیهانی پێکدەهێنا. بەڵام ئێستا بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە، چاودێران باس لەکۆتاییهاتنی ئەم ڕێکخراوە دەکەنو ئاماژەی نزیکبوونەوەی "مەرگ"ی ڕادەگەیەنن.

مەرگی ئۆپیك

لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەی حەیاتدا هاتووە ئێستا سێ مەترسی ڕوویان کردووەتە هەژموونی ئۆپیك بەسەر بازاڕی نەوتی جیهانەوە، کە لەماوەی ساڵانی داهاتوودا کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت. هەر لەوبارەوە گۆڤاری "فۆرین پۆلیسی" ئەمەریکی نووسیویەتی ئەو سێ مەترسییە ئەمانەن:

یەکەم: بەرهەمهێنانی نەوت بەشێوەی نائاسایی زیادی کردووە، واتە بەشێوەی بەردە نەوتییەکانو لەمە نەوتییەکانو گەڕان بەدوای نەوتدا لەناو قوڵایی دەریاکاندا، ئەم ڕێگایانە ئێستا لەئەمەریکاو

کەنەدا کاری پێدەکرێتو بووەتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی نەوتی ئەو وڵاتانە. لەبەرئەوە ئەگەر نەوت لەلایەن ئۆپیکەوە کەمی کرد جا چ بەهۆی جەنگەوە بێت لەوڵاتانی عەرەبی، یان بەهۆی سزای نێودەوڵەتییەوە بێت وەك حاڵەتی ئێران، یان بەهۆی "بەهاری عەرەبی"یەوە بێت وەك لیبیا، ئەوا وڵاتانی پیشەسازیی لەخۆرئاوا خۆیان دەتوانن قەرەبووی ئەو نەوتە ڕاگیراوە بکەنەوە. ئەمە وایکردووە بەپێی بۆچوونی چاودێران ئەمەریکا پاش دە تا پازدە ساڵی داهاتوو، ئیتر خۆی بەشی خۆی نەوت بەرهەمبهێنێتو پێویستیی بەکرینی نەوت لەئۆپیك نەبێت. ئەمەش کاریگەریی بەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لەوڵاتانی عەرەبی دەبێت. پێدەچێت ئەوکات هێندە مەراییان بۆ نەکات!

مەترسی دووەم: دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکەی وزەیە، وەك خەڵوزو گازی سروشتی. ئێستا

دابەزینی نرخی نەوت قەیرانی ئابووری جیهانی قوولتر کردەوە

نەوت سەرچاوەی یەکەمی وزەیەو بەدوایدا گازی سروشتی دێت، بەڵام پێدەچێت تا ساڵی 2016 ئەو سەرچاوانەی دیکەی وزە، پێش گازی سروشتییش بدەنەوەو ببنە سەرچاوەی دووەم پاش نەوت. بەتایبەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو زیاتر گرنگیی بەخەڵوزو گازی سروشتی دەدەنو وەك سەرچاوەی وزە بەکاریدەهێنن، لەجیاتی نەوت کە بۆئەوان کاڵایەکی گرانە.

مەترسی سێیەم: بریتییە لەزیادبوونی بەکارهێنانی نەوت لەناو وڵاتانی ئەندامی ئۆپیکدا. بەهێزی ئۆپیك لەوەدانییە کە بڕێکی زۆر نەوت بەرهەمدەهێنێت، بەڵکو بەهێزییەکەی لەوەدایە کە زۆربەی بەرهەمەکەی ڕەوانەی دەرەوە دەکاتو دەیفرۆشێت. بۆ نمونە بڕی بەرهەمی نەوتی ئەمەریکا لەساڵی 2005دا نزیکەی هەشت ملیۆن بەرمیل بووە لەڕۆژێکدا، ئەمەش وایکرد ئەمەریکا لەپاش سعودییەو ڕوسیا، سێیەم وڵات بێت لەبەرهەمی نەوتدا، بەڵام ئەمەریکا یەکێك نییە لەوڵاتانی هەناردەکەری نەوت، لەبەرئەوەی ئەوەی بەرهەمی دێنێت بەشی ناوخۆی خۆی ناکاتو ناچار نەوت هاوردە دەکات. بەڵام ئۆپیك بەجۆرێکی دیکەیە، وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت لەئۆپیکدا نزیکەی 44.5%ی نەوتی جیهان، بەرهەمدێنن، بەڵام لەهەمانکاتدا نزیکەی 58%ی ئەو بەرهەمەی دەفرۆشن بەدەرەوە. ئەمەش وایکردووە ئۆپیك توانای کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوتی جیهانی هەبێت. بەڵام مەترسییەکە لێرەدایە، ساڵ بەساڵ بڕی هەناردەکردنی نەوتی ئۆپیك کەمدەبێتەوە، ساڵی 1980 ڕێژەی هەناردەی نەوتی ئۆپیك 82% بوو، ساڵی 2010 کەمیکرد بۆ 56%، واتە بەکارهێنانی نەوت لەناوخۆی وڵاتانی ئۆپیکدا زیادی کردووە لەپێنج ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، بۆ نزیکەی 16 ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا تەنها لەماوەی 30 ساڵدا. بۆ نمونە سعودییە کە لەهەموو وڵاتانی ئۆپیك زیاتر نەوت هەناردە دەکات، پلەی شەشەمی هەیە لەسەر ئاستی جیهان لەڕووی بەکارهێنانی نەوتەوە لەناوخۆدا.

بەکارهێنانی ناوخۆ، هەڕەشە بۆ ئۆپیك

لەلایەکی دیکەوە ڕاپۆرتەکەی حەیات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەکارهێنانی نەوت لەناوخۆی وڵاتدا، کێشەی سەرەکیی نییە، بەڵکو کێشەکە لەدوو بواردایە:

یەکەم، ئەو نەوتەی لەناوخۆی وڵاتدا بەکاردەهێنرێتەوە لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتیی دارایی دەکرێت، واتە نرخەکەی هەرزانەو هیچ قازانجێکی بۆ حکومەت تێدا نامێنێتەوە. دووەم، زۆرینەی ئەو نەوتەی لەناوخۆی وڵاتانی ئۆپیکدا بەکاردەهێنرێت لەکەرتی ناپیشەسازییو نابەرهەمدارەدا بەکاردەبرێت، وەك کەرتی گواستنەوە ـ بەتایبەتی سوتەمەنی بەنزین ـ

لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەدا، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە ئەگەر ئەمەریکا بەردەوام بێت لەسەر بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی لەسەرچاوەکانی دیکەوە، ئەوا ئاماژەی ئەوە نزیکە کە ئیتر وڵاتانی خۆرئاوا پشت بەنەوتی ڕێکخراوی ئۆپیك نەبەستن. ئەمەش واتە "مەرگی ئۆپیك"و بەدوایشیدا گۆڕانکاریی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی خۆرئاوادا دێت بەرامبەر بەوڵاتانی ئەندام لەئۆپیکدا.

سەرچاوە: ئینتەرنێت

تەنها گەل، هێزی بزوێنەرە لە دروستکردنی مێژووی جیهان

کتێبی سوور (ماوتسی تۆنگ)

پێویستە گەشەکردنێک لەسەر ئاستی ڕەوشت و عەقڵ و جەستە زامنبکەین

دەبێت بەوپەڕی پاکی و دڵسۆزیەوە خزمەتی گەلی چین بکەین

لە ئینگلیزییەوە: فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم

بەشی چوارەم

ئێمە لەشوێنی جیاوازی وڵاتەوە هاتوین و بەیەکگەیشتوین لەپێناو ئامانجێکی شۆڕشگێڕانەی هاوبەش، کەواتە دەبێت کادیرەکانمان ئاگاداری یەك بەیەکی سەربازەکانمان بکەن و پێویستە لەسەر هەموو ئەندامان لە ریزەکانی شۆڕشدا ئاگاداری یەکتریی بکەن و یەکتریان خۆشبوێت و هاوکاری یەکتربن.

13- پەیوەندی نێوان ئەفسەران و سەربازان

سوپاکەمان هەمیشە دوو ڕێباز پەیڕەودەکات: یەکەم/ ئەوەیە کە بەرامبەر دوژمنەکانمان توند بین، سەریان پێ شۆڕبکەین و لەناویانبەرین، دووەمیش/ ئەوەیە نەرمونیان بین بەرامبەر بە پیاوانی ریزەکانمان و گەلەکەمان و هەڤاڵانمان و سەردەست و ژێردەستەکانمان و یەکبگرین لەگەڵیاندا.

پێویستە لەسەرمان هەڵمەتی پشتگیری کادیران و ئاگاداریکردنی سەربازان لەهەموو کەرتەکانی سوپادا ئەنجامبدەین، داوا لە کادیرەکان بکەین خزمەتی سەربازان بکەن و داواش لە سەربازەکان بکەین خزمەتی کادیران بکەن، داوا لەهەمووان بکەین کەموکورتی و هەڵەکانی یەکتر ئاشکرابکەن و دەستبکەن بە ڕاستکردنەوەیان، ئیتر بەمشێوەیە یەکێتیەکی پتەوی ناوخۆیی بەدەستدەهێنن.

زۆر کەس وادەزانن کە شێوازی هەڵە ڕێگرن لە چاکترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەفسەران و سەربازان و نێوان سوپاو گەل، بەڵام چەندجارێك پێمووتون کە ئەوە مەسەلەی هەڵوێستی بنچینەیی (یان پرەنسیپی بنچینەیی)، مەبەستیشم ڕێزگرتنی سەربازەکان و ڕێزگرتنی گەلە، ڕێك لەم هەڵوێستەوە سیاسەتی جۆراوجۆرو شێواز پەیدادەبێت، چونکە ئەگەر لێی لابدەین ئەم سیاسەت و شێوازانە بێگومان هەڵە دەردەچن و مەحاڵ دەبێت پەیوەندی باش لەگەڵ ئەفسەران و سەربازانداو لەنێوان سوپاو گەلدا دروستببێت، پرەنسیپە سەرەکییەکان بۆ کاری سیاسی لە سوپادا سیانن، یەکەم: یەکێتی نێوان ئەفسەرو سەرباز، دووەم: یەکێتی نێوان سوپاو گەل، سێهەم: لێکهەڵوەشاندنی هێزەکانی دوژمن، ئەگەر بمانەوێت ئەم پرەنسیپانە بەشێوەیەکی بەسوود جێبەجێبکەین، دەبێت لە هەڵوێستی بنچینەییەوە دەستپێبکەین کە ڕێزگرتنی سەربازو گەل دەسەپێنێت بەسەرماناو، وە پارێزگاریکردنی کەرامەتی شەخسی دیلەکان لە هێزەکانی دوژمن، ئەوانەی چەکیان فڕێداوە، بێگومان ئەوانەی پێیانوایە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە هەڵوێستی بنچینەییەوە نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی تەکنیکییە، بەهەڵەدا چوون و دەبێت هەڵەکەیان ڕاستبکەنەوە.

پێویستە لەسەر کۆمۆنیستەکان، کاتێك لەناو جوتیاراندا کارەکانیان ئەنجامدەدەن پەیڕەوی شێوازی قەناعەتپێکردن و ڕۆشنبیرکردنی دیموکراتی بکەن و بەهیچ جۆرێك نابێت پەنا بۆ شێوازی فەرمان دەرکردن بەتەنهاو زۆرلێکردن ببەن، پارتی کۆمۆنیستی چینی دڵسۆزانە ئاگاداری ڕێبازی مارکسی - لینینی دەکات.

ئایدۆلۆژی کارێکی وردەو پێویستی بە ئارامگرتن هەیەو ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، سوودی نییە ئەگەر هەوڵبدەین ئایدۆلۆژی خەڵك بگۆڕین، کە بەدەیان ساڵ لەژیانیان دروستبووە، بە وانەوتنەوەو کۆبوونەوە لەگەڵیاندا، قەناعەتپێکردن تاکەڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەوە، بەڵام زۆرلێکردن هەرگیز نامانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە، لەبەرئەوە نابێت هەوڵبدەین بەزۆر دابینیان بکەین، ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمندا رێگەی پێدەدرێت و بەهیچ جۆرێك لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەڤاڵان و دۆستاندا رێگەی پێنادرێت.

پێویستە لەسەرمان جیاوازی نێوان خۆمان و دوژمن بزانین، ئەگەرنا هەڵوێستی دوژمنکارانە وەردەگرین بەرامبەر هەڤاڵانمان و وەك دوژمن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، دەبێت بەگەرمی و بەڕاستگۆیی لەگەڵ هەڤاڵاندا بدوێین

پێویستە لەسەرمان جیاوازی نێوان خۆمان و دوژمن بزانین، ئەگەرنا هەڵوێستی دوژمنکارانە وەردەگرین بەرامبەر هەڤاڵانمان و وەك دوژمن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، دەبێت بەگەرمی و بەڕاستگۆیی لەگەڵ هەڤاڵاندا بدوێین بەمەبەستی پارێزگاریکردنی مەسەلەی میللەت و بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی، نەك زمانمان لەقسەکردندا لەگەڵیاندا زمانی گاڵتەپێکردن و هەڵکوتانەسەر بێت.

14- پەیوەندی نێوان سوپاو گەل

پێویستە لەسەر سوپا لەگەڵ جەماوەری گەلدا یەکبگرن بۆ ئەوەی هەستبکەن ئەو بەشێکە لەوان و ئەوکاتیش ئەم سوپایە بەهێز دەبێت و هەرگیز نابەزێنرێت لەجیهاندا. پێویستە لەهەموو هەڤاڵێکی بگەیەنین کە ئێمە مادام پشت بە گەل دەبەستین و بڕوای پتەومان هەیە کە جەماوەری گەل خاوەنی هێزێکی دروستکەرە کە کۆتایی نایەت و متمانەمان بە گەلەو تێکەڵاوین، ئیدی هیچ گرفتێك نابێت کە نەتوانین بەسەریدا سەربکەوین و هیچ دوژمنێك ناتوانێت بمانبەزێنێت، بەڵکو ئێمە بێگومان دەیبەزێنین.

پێویستە لەسەر هەڤاڵانمان پەیوەندی باش لەگەڵ جەماوەردا دروستبکەن لەهەر شوێنێك بۆی دەچن و دەبێت ئاگاداری باشی جەماوەر بن و یارمەتیان بدەن گرفتەکان چارەسەربکەن، دەبێت لەگەڵ جەماوەرە فراوانەکەدا یەکبگرن و تا ژمارەی زۆرتریان لێڕابکێشن، باشترە.

لە شوێنە رزگارکراوەکاندا پێویستە سوپا لایەنگری حکومەت بێت و ئاگاداری میللەت بێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دەبێت حکومەتە دیموکراتییەکان لەم ناوچانەدا رابەریی گەل بکەن لە پشتگیری سوپاو مامەڵەکردن لەسەر بنەمای باشترینیان لەگەڵ خێزانی جەنگاوەران دژی یابان، ئەوەش بۆ چاکترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سوپاو گەل بەباشترین شێوە، بۆ ئەوەی هەموو فەرماندەکان و جەنگاوەرانی سوپا لەگرنگی پشتگیریکردنی حکومەت و ئاگادارکردنی گەل تێبگەن بەباشی، پێویستە لەسەرمان فێرکردنی ئایدۆلۆژی لەناویاندا ئەنجامبدەین، چونکە ئەگەر سوپا بەچاکی ئەم ئەرکە ئەنجامبدات ئەوا پەیوەندییەکان بێگومان پتەودەبن لەنێوان دەستە مەدەنییەکان و گەل لەلایەك و سوپا لەلایەکی تر.

لەکاتی ئەم هەڵمەتانەدا پێویستە لەسەر سوپاو حزب و حکومەت بەشێوەیەکی گشتگیر وردبینەوە لە ناچونیەکییەکان و هەڵەکان کە لەساڵی (1943)دا ئەنجامیانداوەو لە (1944)دا بەجدیی راستیانبکەنەوە، لە ئێستا بەدواوە پێویستە ئەم هەڵمەتە لەهەموو شوێنێك دەستپێبکات، لە مانگی یەکەمی هەموو

«لایەنگیریکردنی حکومەت و ئاگاداریکردنی گەل» لەگەڵ پەیماننامەی «پشتگیریکردنی سوپاو مامەڵەکردن لەگەڵ خێزانی جەنگاوەرانی دژ بە یابان لەسەر بنەمای باشترینیان» بخوێنرێتەوە، وە بەئاشکراو بەردەوام رەخنە لەخۆبگیرێت دەربارەی ناچونیەکییەکان و هەڵەکان کە لەناوچەی بنکە جەماوەرییەکاندا ئەنجامدراوە، وەك خراپەکارییەکانی سوپا بەرامبەر فەرمانگە حزبی و حکومییەکان و رێکخراوە جەماوەرییەکان و گەل، یان تەخسیریکردنی جەماوەری گەل لە ئاگادارکردنی سوپا (هەریەك لە لایەنەکان رەخنە لەخۆبگرن و رەخنە لە لایەنەکەی تر نەگرن) بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم ناچونیەکیانە راستبکرێنەوەو هەڵەکان بەتەواوی راستبکرێنەوە.

15- دیموکراسی لە سێ بواردە بنچینەییەکەدا

پێویستە بڕێکی باش دیموکراسی بە سوپا بدرێت، بەشێوەیەکی سەرەکی مەبەستمان لابردن و نەهێشتنی شێوازی دەرەبەگانەیە لە لێدان و تێخوڕینی سەربازەکان، وە بەشداریکردنی ئەفسەران و سەربازان لە خۆشی و ناخۆشیدا، کە ئەوەمان کرد ئامانجی یەکێتی ئەفسەران و سەربازان بەدەستدەهێنین و توانای سوپا بۆ شەڕکردن بەڕادەیەکی زۆر بەرزدەبێتەوە، ئێستاش هیچ گومانێك نییە لەتوانامانداو بۆ خۆڕاگرتن لەجەنگی سەختی درێژخایەندا.

هۆی خۆڕاگرتنی سوپای سور بێ ئەوەی توشی سستی و ماندوویی ببێت، سەرەڕای ئاستی نزمی لەژیانی ماددی و پێکدادانە بەردەوامەکاندا، لەگەڵ ئەو رۆڵەشدا کە حزب دەیبینێت، ئەو دیموکراسییەیە کە سوپا هەیەتی، چونکە ئەفسەرەکان لە سەربازەکان نادەن و لەیەك ئاستدا لەگەڵیاندا دەژین، سەربازەکانیش ئازادیی کۆبوونەوەو قسەکردنیان هەیە، رەسمیاتی بێمانا نەماوە، دەفتەری حسابات بۆ چاودێری هەمووان کراوەیە، لە چین تەنها گەل نییە کە

شۆڕشی کۆمۆنیستی چین ساڵی 1949

پێویستی بە دیموکراسی هەیە، بەڵکو سوپاش پێویستی پێیەتی، نیزامی دیموکراسی لە سوپادا چەکێکی گرنگە بۆ تێکشکاندنی سوپای دەرەبەگی بەکرێگیراو.

سیاسەتی گشتی کە ئێمە پەیڕەوێدەکەین لەبواری کاری سیاسی سوپادا بریتییە لە جۆشدان و هاندانی سوپا، جۆشدانێکی تـەواو لەپێناو بەدیهێنانی سێ ئامانجی مەزن لەڕێگای بزوتنەوەیەکی دیموکراسیەوە کە لەسایەی فەرماندەییەکی مەرکەزیدا بەڕێوەبچێت، ئامانجەکانیش بریتین لە ئەنجامدانی یەکێتیەکی سیاسیی ئاست بەرزو چاککردنی باری ژیان و ئاست بەرزکردنەوە لە تاکتیك و تەکنیکی سەربازیدا، مەبەست لە بزوتنەوەی سێ چاکسازییەکە کە لەئێستادا بە گڕوتینەوە لەهێزە چەکدارەکانمادا رووەدات، بریتییە لە بەدەستهێنانی دوو ئامانجی یەکەم بە شێوازی دیموکراسی لەبواری سیاسەت و ئابوریدا.

سەبارەت بە دیموکراسیەتی ئابوری پێویستە مافی یاریدەدانی سەرۆکەکانی سریەکان بۆ ئەو نوێنەرانە مسۆگەربکرێت کە سەربازەکان هەڵیانبژاردووە (مافی ئەوەیان نابێت پیشەی تایبەتی سەرۆکەکان تێپەڕبکەن)، لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری ئازوقەو خواردەمەنی لە سریەکانیاندا.

سـەبـارەت بە دیموکراسی سوپا، پێویستە لە مەشقی سەربازیدا شێوازی مەشقی ئاڵوگۆڕ لەنێوان ئەفسەران و سـەربـازانـداو لەنێوان سەربازەکان خۆیاندا جێبەجێبکرێت، لەماوەی شەڕکردندا پێویستە سریەکانی بەرەی جەنگ هەموو جۆرە کۆبونەوەیەکی بچوك و گـەورە ئەنجامبدەن و لەوێدا جەماوەری سەربازەکان جۆشدەدرێن لەژێر رێنمایی سەرۆکی سریەکاندا بۆ مشتومڕکردن لەسەر شێوازی هێرشکردن و داگیرکردنی پێگەکانی دوژمن و چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەرکە سەربازییەکانی تر، کاتێك شەڕ بۆ ماوەی چەند رۆژێك درێژەدەکێشێت، پێویستە کۆبونەوەی لەمجۆرە ئەنجامبدرێت لـەومـاوەیـەدا، ئـەم دیموکراسیەتی سەربازییە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا لەهەڵمەتی (بانلۆن)دا لە باکوری هەرێمی (شینسی) و هەڵمەتی (شگیاتشوانگ) لە ناوچەی سنوری (شانسی، شاهار، هوبی)، وە جێبەجێکردنەکە سەلماندی کە ئەمشێوازە سودی مسۆگەرەو هیچ زیانێکی نییە.

پارتی کۆمۆنیستی چینی، کە ئەم خەباتە مەزنە دەکات، ناتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، تا داوا لەهەموو دەزگا قیادیەکان و ئەندامەکان و کادیرەکانی نەکات هەموو تواناو گڕوتینی خۆیان بخەنەگەڕ، دەشبێت ئەم گڕوتینە رووبنێتەوە لەتواناکانی دەزگا قیادیەکان و ئەندامان و کادیراندا بۆ کاری بونیادنەرو ئامادەییان بۆ هەڵگرتنی لێپرسراوی و ئەو چالاکییانەی لەکارەکانیاندا دەریدەخەن، هەروەها لە ئازایەتی و کارامەییاندا لە جوڵاندنی بابەتەکان و رادەرخستنەو ڕەخنە لە دژەکـان و لە جێبەجێکردنی چاودێریی دۆستانە لەسەر دەزگا قیادیەکان و کادیرە بەرزەکان، ئەگەر بەوجۆرە نەبێت ئـەوا گڕوتینەکەیان تەنها روالّەتە بەبێ بابەت، لەگەڵ ئەوەشدا دەرخستنی ئەم گڕوتینە بەندە لەسەر دیموکراسیی ژیانی حزبدا، ئەگەر گیانی دیموکراسی نەبوو لەژیانی حزبدا، ئەوا ئامانجی دەرخستنی گڕوتین بەدەستنایەت، هەروەها ناکرێت ژمارەی گەورە لە کادیرە بەتواناکان پێکبهێنرێت لەژێر سێبەری ژیانی دیموکراسیدا نەبێت.

هەموو کەسێك بۆی هەیە رای خۆی دەربڕێت ئەگەر ئەم کەسە دوژمن نەبێت و مەبەستی تانەو شکاندن نەبێت، گرنگیش نییە ئەگەر راکەی هەڵە بێت، ئەرکی سەرکردایەتی لەهەموو ئاستەکاندا ئەوەیە گوێ لەوانی تر بگرن، دەبێت لەوەدا پەیڕەوی دوو پرەنسیپ بکەن، یەکەم: چی دەزانیت بیڵێ بەبێ شاردنەوە، دووەم: قسەکەر تاوانی نییە، با قسەکەشی ئاگادارکردنەوە بێت بۆ گوێگر، وە ئەگەر پرەنسیپی «قسەکەر تاوانی نییە» بەڕاستی جێبەجێنەکرێت و بەدرۆ جێبەجێبکرێت، ئەوا پرەنسیپی «چی دەزانیت

بیڵێ بەبێ شاردنەوە» جێبەجێنابێت.

پێویستە لەناو حزبدا کاری ڕۆشنبیری ئەنجامبدەین دەربارەی ژیانی دیموکراسی تا ئەندامانی حزب تێبگەن لەژیانی دیموکراسی، پەیوەندی نێوان دیموکراسی و مەرکەزیەت چییە، چۆن نیزامی مەرکەزیی دیموکراسی جێبەجێدەکرێت، تەنها بەم کاری ڕۆشنبیرییە دەتوانین ژیانی دیموکراسی ناو حزب بەڕاستیی فراوانبکەین و لەهەمانکاتدا دووربکەوینەوە لە چوونەسەر ڕێگای دیموکراسی تونڕەو و ئازادیی ڕەها لە ڕەفتارکردندا کە سیستم تێکدەدات.

مەبەست لە دیموکراسی ناو حزب لە سوپادا یان لە دەستەی مەدەنیدا ئەوەیە سیستم بەهێزبکرێت و توانای خەبات بەرزبکرێتەوە نەك لاوازبکرێت.

پێویستە لەسەرمان، لەڕووی تیۆریەوە، مەیل و بۆچوونی دیموکراسی تونڕەو لە ڕەگ و ریشە دەربهێنین، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەرمان وریابین کە مەترسی ئەم مەیلە لەوەدایە زیان بە ڕێکخراوە حزبیەکان دەگەیەنێت و لەوانەیە ببێتە هۆی داڕمانی یەکجارەکی ئەم ڕێکخراوانەو لەوەشدا کە توانای حزب لە خەباتکردندا لاوازدەکات، بەڵکو ئەم توانایە بەتەواوی ناهێڵێت، ئیتر حزب ناتوانێت بەئەرکی خەباتکردن هەستێت و ئەنجامەکەشی شکستهێنانی شۆڕش دەبێت، پێویستە ئاماژە بەوەشبدەین کە سەرچاوەی ئەم مەیل و بۆچوونە بریتییە لە سروشتی بەسوك زانینی نیزام و دواکەوتنی هەواو هەوەسی شەخسی کە خەسڵەتی بۆرجوازی بچووکە، هەرکات ئەم سروشتە دزەبکات بۆ ناو حزب، لەشێوەی مەیلی دیموکراسی تونڕەو دەردەکەوێت لەڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە، ئەوەش مەیلێکی دژو جیاوازە لەگەڵ ئەرکەکانی خەباتگێڕانەی پرۆلیتاردا.

16- سیاسەتمان لەبواری فێرکردن و مەشقکردن

پێویستە لەسەرمان، بۆ ئەوکەسانەی پەروەردەیان دەکەین، گەشەکردنێك لەسەر ئاستی ڕەوشت و عەقڵ و جەستە زامنبکەین بۆ ئەوەی ببنە زەحمەتکێشی ڕۆشنبیرو خاوەن هەستی ئیشتراکی.

سەبارەت بە فێرکردنی کادیرەکان، پێویستە سیاسەتێکی فێرکردن دابنرێت کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کێشە واقیعیەکان بدات، ئەوانەی پەیوەستن بە شۆڕشی چین و ڕێنمایی وەرگرتن لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی مارکسی - لینینی لە لێکۆڵینەوەدا، وە پێویستە دەست هەڵبگرین لە دیراسەکردنی مارکسی - لینینی بەشێوەیەکی وشك کە لە واقیعەوە دوورە.

گرنگترین شت بۆ قوتابخانەیەکی سەربازیی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرو مامۆستایان و دانانی سیاسەتێکی فێرکردنە.

ئەوخاڵەی لێیەوە دەستپێدەکەین لەهەموو کارەکانماندا بریتییە لە خزمەتکردنی گەل بەپاکی و دڵسۆزی و خۆجیانەکردنەوە لە جەماوەر بۆ ساتێکیش بێت، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گەل نەك بەرژەوەندی تاکێك یان کۆمەڵێك خەڵك

بێگومان ناکرێت قوتابخانە بەڕێوەببرێت، (100) کەسی تێدا بێت بۆ نموونە، بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوو مەگەر کۆمەڵێکی سەرکردەبن کە بەگوێرەی بارودۆخە واقیعیەکە دروستبووبن (لێرەو لەوێ کۆنەکرابنەوە بەشێوەیەکی ناسروشتی)، چەند کەسێك لەخۆدەگرێت لەچالاکترین مامۆستاو کارمەندو خوێندکار کە لەهەموویان پاکترو لێزانتر بن.

پێویستە لەسەر ئەفسەران و سەربازان لە سوپاکەماندا ئاستی خۆیان لەهونەری سەربازیدا بەرزبکەنەوەو ئازایانەو بوێرانە لەم جەنگەدا بێنە پێشەوە، کە بێگومان تیایدا سەرکەوتوو دەبین و

ئەوکاتەی بەرنامەکانی ڕێکخستنەوەو مەشقکردن جێبەجێدەکەین، ئـەوانـەی مـاوەیـەکـی کەمە دەستپێکردووەو لەماوەی ساڵێکدا کۆتاییدێت، پێویستە بایەخبدەین بەلایەنی سەربازی و سیاسی پێکەوەو پێکەوە گرێیان بدەین، بەڵام دەبێت لە سەرەتاوە بایەخی چڕ بەلایەنی سیاسی بدەین، واتا بە چاکترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەفسەران و سەربازان و پتەوکردنی یەکێتی ناوخۆو ورژاندنی وڕە لە جەماوەری کادیرو جەنگاوەراندا، تەنها بەمشێوەیە بۆمان ئاساندەبێت لایەنی سەربازی بەرنامەکە جێبەجێبکەین و ئەنجامێکی باشی لێبەدەستبهێنین، سەبارەت بە ڕێگاکانی مەشقی سەربازی، پێویستە جوڵەیەکی جەماوەری لە مەشقکردندا دروستبکەین، ئیتر ئـەفـسـەران مەشق بـە سـەربـازان دەکـەن و بەپێچەوانەشەوە سەربازان مەشق بەیەکتر دەکەن.

دروشـمـی ئێمە لـە مەشقپێکردنی هێزەکان بریتییە لە «ئەفسەران مەشق بە سەربازان بکەن و بەپێچەوانەشەوە سەربازان مەشق بەیەکتر بکەن»، سەربازان ئەزمونی کردەنی فراوانیان لە شەڕدا هەیە، پێویستە لەسەر ئەفسەران لەوانەوە فێربن، ئیدی تواناکانیان بەهێزتر دەبێت ئەگەر ئەزمونی کەسانی تر وەربگرن.

سەبارەت بە کەرەستەکانی مەشقکردن، ئامانجمان بەپلەی یەکەم هەروەك جاران، بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی لە نیشانشکان و شەڕ بە چەکی سپی و هەڵدانی بۆمب و شتی تـرە، بەپلەی دووەمیش بەرزکردنەوەی ئاستی تاکتیکی لەگەڵ بایەخدانی تایبەت بەکردەوە سەربازییەکان لە شەودا.

سوپای سوری چین

17- خزمەتی گەل

پێویستە خاکی و ئارام بین، پێویستە خۆمان لە لوتبەرزی و سەرکێشی بپارێزین و بەوپەڕی پاکی و دڵسۆزییەوە خزمەتی گەلی چین بکەین.

ئەوخاڵەی لێیەوە دەستپێدەکەین لەهەموو کارەکانماندا بریتییە لە خزمەتکردنی گەل بەپاکی و دڵسۆزی و خۆجیانەکردنەوە لە جەماوەر بۆ ساتێکیش بێت، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گەل نەک بەرژەوەندی تاکێک یان کۆمەڵێک خەڵک لەهەر کارێکدا بیکەین، یەکێتی نێوان پاکیمان بۆ گەل و پاکیمان بۆ دەزگا حزبیە باڵاکان.

پێویستە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا مەرکەزیەتی دیموکراتی جێبەجێبکرێت و پێویستە لەسەر کارمەندانی ئەم دەزگایانە خزمەتی گەل بکەن.

گیانی لەخۆبووردەیی هەڤاڵ (نۆرمان بیسۆن) کە گەیشتبووە ئەوپەڕی، لەپاکی و دڵسۆزیدا بۆ کارەکەی و خۆشەویستی و دڵسۆزیی تەواو بۆ هەڤاڵان و گەلدا دەرکەوتبوو، بۆیە دەبێت هەموو کۆمۆنیستێک لەوەوە فێربێت.

پێویستە لەسەر هەموومان لەوەوە فێری گیانی لەخۆبوردن بین کە تۆزقاڵێک خۆپەرستی تێدا نەبێت، هەموو کەسێک کە لەم هەنگاوەوە دەستپێدەکات دەتوانێت ببێتە کەسێکی زۆر بەسوود بۆ میللەت، کارامەیی شەخسی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەڵام هەرکات مرۆڤ ئەم خەسڵەتەی هەبێت ئەوا کەسێکی نەفس پاک و رەسەن و رەوشت بەرزەو دوورە لە مەرامی پیس و بەسوودە بۆ گەل.

پارتی کۆمۆنیستەمان و سوپای نوێی هەشتەم و چوارەم کە حزب رابەرییان دەکات، کەتیبەکانی شۆڕشن و ئەم کەتیبانەمان بەتەواوی خۆیان تەرخانکردووە بۆ رزگارکردنی گەل و لەهەموو رووێکەوە بۆ بەرژەوەندی گەل کاردەکەن.

هەموو کادیرەکانمان خزمەتکاری گەلن، هەر پلەوپایەیەکیان هەبێت و هەرچیش دەکەین بۆ خزمەتی گەلە، ئایا لەم حاڵەتەدا هیچ خراپی و نادروستی هەیە کە خۆمانی لێ رزگاربکەین؟

ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە پاك بین بەرامبەر ئەرکەکانمان لەبەردەم گەلدا، دەبێت هەموو وتەکانمان و کارەکانمان و سیاسەتەکانمان لەگەڵ بەرژەوەندی گەلدا بگونجێت، ئەگەر هەڵەیەکمان ئەنجامدا بەباشی راستیبکەینەوە، ئەمەیە مەبەستمان لەپاکی لە ئەرکەکانمان لەبەردەم گەلدا.

پێویستە قوربانی بدەین کە خەباتدەکەین، مردنیش لەم حاڵەتەدا زۆر رووەدات، بەڵام ئەگەر بەرژوەندی گەل لەبەرچاوبگرین و بیر لە ئازارو نەهامەتی

ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە پاك بین بەرامبەر ئەرکەکانمان لەبەردەم گەلدا، دەبێت هەموو وتەکانمان و کارەکانمان و سیاسەتەکانمان لەگەڵ بەرژەوەندی گەلدا بگونجێت، ئەگەر هەڵەیەکمان ئەنجامدا بەباشی راستیبکەینەوە

زۆربەی ئەو گەلە بکەینەوەو لەپێناویدا بمرین، ئەوا مردنەکەمان شەرەفە، لەگەڵ ئەوەشدا تا بۆمانبکرێت دەبێت لە قوربانیدانی ناپێویست دووربکەوینەوە.

دەبێت هەموو کەس بمرێت، هەرچەندە ماناکانی مردن جیاوازن، ئەدیبێکی کۆنی چینی بەناوی شوماتشیین وتوێەتی « هەموو مرۆڤێك دەمرێت، بەڵام لەوانەیە سوێی مردنەکەی لە شاخی (تای) قورستر بێت، یان لەوانەشە لە پەڕێك سوکتر بێت».

ئیتر ئەگەر مرۆڤ لەپێناو بەرژەوەندی گەلدا بمرێت، سوێی مردنەکەی لە شاخی تای قورستر دەبێت، بەڵام ئەگەر خزمەتی فاشیستەکان بکات یان لەپێناو ئەوانەدا بمرێت کە گەل دەچەوسێننەوە، ئەوا سوێی

18- نیشتمانپەروەری و نێونەتەوەیی

ئایا دەکرێت شیوعی کە نێونەتەوەییە، نیشتمانپەروەر بێت لەهەمانکاتدا؟ بە رای ئێمە ئەوە مومکینە، بەڵکو واجبیشە، ناوەڕۆکی نیشتمانپەروەری بارودۆخی مێژوویی دیاریدەکات.

دەستدرێژیکارە یابانیەکان «نیشتمانپەروەریان» هەیە، نیشتمانپەروەریی هیتلەرو نیشتمانپەروەریی ئێمەش هەیە، بەڵام بەناو- نیشتمانپەروەریەکەی دەستدرێژیکارە یابانیەکان و هیتلەر دەبێت کۆمۆنیستەکان بەتوندی بەرهەڵستی بکەن، شیوعیەکانی یابان و ئەڵمانیا بانگخوازی دۆڕاندنن بەرامبەر ئەو جەنگەی وڵاتەکەیان دەیکات، چونکە بەرژوەندی گەلی یابان و ئەڵمانیا لەوەدایە یابان و هیتلەر بەهەموو شێوەیەك ببەزێنن لەو جەنگانەدا کە دەیکەن، وە تا شکاندنەکەیان گەورەتر بێت ئەوە باشترەدەبێت، چونکە ئەو جەنگانەی ئەوان دەیکەن زیان لە گەلەکەیان دەدات لەهەدوو وڵاتەکەدا، بێجگە لەو زیانانەش کە لە گەلانی تری جیهانی دەدات، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە چینەوە هەبێت، بارودۆخەکە بەپێچەوانەوەیە، چونکە چین بوەتە قوربانی دوژمنکاری، بۆیە پێویستە کۆمۆنیستە چینیەکان نیشتمانپەروەرو نێونەتەوەیش بن، ئێمە نیشتمانپەروەرو نێونەتەوەییشین لەهەمانکاتداو دروشمی ئێمە بریتییە لە شەڕ دژی دوژمنکاران بکەین بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان، بەلای ئێمەوە کۆڵدام و بەزین تاوانە، لەکاتێکدا خەباتکردن لەپێناو بەدەستهێنانی جەنگی بەرگری دژی دوژمنکاریی یابانی ئەرکی سەرشانمانە کە نابێت خۆمانی لێبدزینەوە، چونکە بەزاندنی دوژمنکاران و رزگارکردنی میللەتەکەمان بەدینایەت تا نەجەنگین بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان، هەروەها برۆلیتاریاو هەموو رۆڵەکانی گەلی زەحمەتکێش رزگار ناکرێن تا نەتەوە رزگارنەبێت، ئەگەر چین سەرکەوتوو بێت و داگیرکەرانی ئیمپریالی ببەزێنێت، ئەوا یارمەتی پێشکەش بە میللەتانی تریش کردووە، کەواتە لەڕاستیدا نیشتمانپەروەری جێبەجێکردنی کردەنی

نەوەی چوارەمی چینی میللی

نێونەتەوەییە لە جەنگی رزگاری نیشتمانیدا.

ئەوە چ گیانێکە کە وای لە کەسێکی بیانی کردووە مەسەلەی رزگاریی چین بگرێتە بـاوەش، هەروەکو مەسەلەکە هی خۆی بێت بێئەوەی هیچ فاکتەرێکی خۆپەرستی لە ناخیدا بێت؟ ئەوەیە گیانی نێونەتەوەیی، گیانی کۆمۆنیستی کە هەموو کۆمۆنیستێکی چینی لێوەی فێربێت، دەبێت لەگەڵ پرۆلیتاریادا یەکبگرین لەهەموو وڵاتە سەرمایەدارەکاندا، لەگەڵ پرۆلیتاریای یابان و بەریتانیاو ئەمریکاو ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو هەموو وڵاتە سەرمایەدارەکان، ئەوە تاکەڕێگایە بۆ بەزاندنی پیمپریالیەت و رزگارکردنی میللـەتەکەمان و رزگارکردنی سەرجەم میللـەتان و گەلانی جیهان، ئەوەیە نێونەتەوەیی ئێمە، ئـەو نێونەتەوەییەی یارمەتیمان دەدات لە نەهێشتنی دەمارگیری نەتەوەیی و نیشتمانیی.

میللـەتانی چەوسێنراوە کاتێك هەوڵی رزگاربوونی تــەواودەدات پێش هەموو شت لە خەباتدا پشت بەخۆی دەبەستێت، پاش ئەوە تەنها پشت بە یارمەتی نێونەتەوەیی دەبەستێت، پێویستە لەسەر ئەو گەلانەی لە شۆڕشەکانیاندا سەرکەوتوون یارمەتی ئەو گەلانە بدەن کە هێشتا خەبات بۆ رزگاریی دەکەن، ئەوەش ئەرکی نێونەتەوەیی ئێمەیە.

دەوڵەتە ئیشتراکیەکان جۆری نوێن لە دەوڵەت، ئەو دەوڵەتانەن کە چین چەوسێنەری تیا لەناوبراوەو گەلی زەحمەتکێش دەسەڵاتی حوکمی گرتوەتەدەست، ئەم دەوڵەتانە لە چارەسەری پەیوەندییەکانی نێوانیاندا پرەنسیپی نێوان نێونەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی جێبەجێدەکات، بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و بەها باڵا هاوبەشەکان بەتوندی پێکمانەوە دەبەستێت.

پێویستە گەلانی وڵاتانی بەرەی ئیشتراکی یەکبگرن و پێویستە گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین یەکبگرن، گەلانی هەموو کیشوەرەکان یەکبگرن و هەموو گەلانی ئاشتیخواز یەکبگرن، پێویستە لەسەر هەموو ئەو وڵاتانەی دەکەونەبەر دوژمنکاری و دەستبەسەراگرتن و دەستێوەردانی ئەمریکا یەکبگرن تا هەموویان گەورەترین بەرەی یەکگرتوو پێکبهێنن بۆ بەرهەڵستیکردنی هەموو سیاسەتێکی دوژمنکاری و جەنگ کە ئیمپریالیەتی ئەمریکا پەیڕەویدەکات بۆ بەرگریکردن لەئاشتی جیهانیی.

شتەکان بێوچان گەشەدەکەن و دەگـۆڕدرێـن، رووخساری چین تەواو گۆڕدراوە هەرچەند تەنها (45) ساڵ بەسەر شۆڕشی (1911)دا تێپەڕبووە، چین گۆڕانی مەزنتر بەخۆوە دەبینێت دوای (45) ساڵی تر، واتا لە (2001)دا یان لە سەرەتای سەدەی (21)دا، ئەوکاتە دەبێتە دەوڵەتێکی ئیشتراکی پیشەسازی و هەردەبێت واشبێت، لەبەرئەوەی چین وڵاتێکە رووبەرەکەی دەگاتە (9) ملیۆن و (600) هەزار کیلۆمەترو دانیشتوانەکەشی (600) ملیۆن، لەو سەردەمەدا دەبێت بەشداریەکی زۆر بکات لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئەوەی جێی داخە خزمەتەکانی لە ماوەیەکی زۆردا کەمتربوو لەوەی کە پێویستبوو، بەڵام دەبێت خاکیی بین، ئەمڕۆش و تا (45) ساڵی تریش و تاهەتایش، پێویستە ئێمەی گەلی چین – لە پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ دەوڵەتانی تر دژی شۆڤینیەتی دەوڵەتە گەورەکان بین بەتوندی و بەتەواوی.

هەرگیز نابێت رێگەی شۆڤینی دەوڵەتە گەورەکان بگرین کە لوتبەرزی و خۆبەزلزانینە، هەرگیز نابیت توشی لەخۆبایبوون ببین بەهۆی سەرکەوتنمان لە شۆڕشدا، بەهۆی ئەوەی لە بیناکردندا بەدەستمان هێناوە، چونکە هەموو دەوڵەتێك بچوك بێت یان گەورە لایەنی بەهێزیش و لایەنی لاوازیشی هەیە.

سەرچاوە:

https://sites.google.com/site/maoforarab/quotations
Mao Tse Tung for Arab Library